# کۆمەڵگە لەنێوان دەقە ئایینییەکان و عورف و کەلتووردا

زۆر جار پرسیار دەکرێت ئایین چۆن لە عورف و کەلتوور جودا بکەینەوە؟

دیارە شتێکی جودا لە ئایین هەیە، پێی دەگوترێت: «عورف»، عورفیش بەو شتانە دەگوترێت کە لە کۆمەڵگەدا بوون بە شتێکی باو، عورفیش دەبێتەوە بەشێك لە کەلتوور، پێناسەی ئایین بۆ کەلتوور لێرەوە دەست پێدەکات کاتێك ئایین هاتووە، لەنێو کۆمەڵگەدا شتێك هەبووە بە ناوی کەلتوور، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئایین وەك دەق دەکەوێتە سەرووی کەلتوورەوە، بەڵام ئەو گۆڕانکاری و گەشەسەندنە واتاییەی کە لە کۆمەڵگەدا دەگوزەرێت لە رووی دابونەریت و زمان و نووسین و عادات و تەقالیدەوە، دواجار لە کۆمەڵگەدا دەبنەوە بە نەریت، ئینجا قسەی ئایین لەسەر ئەمانە دەستپێدەکات کە ئەو کەلتوورە لەگەڵ دەقە ئایینییەکاندا یەك دەگرنەوە، یان نا؟

بۆ نموونە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، دەفەرموێت: «من نێردراوم بۆ تەواوکردنی رەوشتە جوانەکان.» وشەکانی (رەوشتە جوانەکان، تەواوکردن) بەڵگەیەکن بۆ ئەوەی پێش هاتنی ئەویش شتێك هەبووە بەناوی رەوشتە جوانەکان و، بەڵگەشە لەسەر ئەوەی لە ئاییندا شتیك نییە راستەوخۆ وەك دەق دژایەتی کەلتوور بکات، بەڵکو دەروانێتە جۆری کەلتوورەکە. بەڵام لێرەشەوە کاتێك هەر دەقێکی ئایینیی دێتە ناو کۆمەڵگەوە ئەم پرسیارە دروست دەبێت: ئایا ئەوە ئایینە شێواز بە کۆمەڵگە دەدات؟ یان ئەو کۆمەڵگەیە شێواز بە ئایین دەدات؟

دەڵێین: ئایین شێواز بە کۆمەڵگە دەدات، لە روانگەی تیۆرییەوە، کاتێك بە کۆمەڵگە دەڵێت: راستگۆ بن، دستپاك بن، پۆشتە بن، داوێنپاك بن، ئەمانە هەمووی قسەی گشتین لە رووی ئایینییەوە، بەڵام دواجار ئەم کۆمەڵگەیە هەریەکەو بە جلوبەرگی خۆیەوە خۆی پۆشتە دەکات و پێی دەناسرێتەوە، کەواتە لە رووی پراکتیکییەوە کۆمەڵگە روخسار بە ئایین دەدات، بۆیە دەڵێین کۆمەڵگەی چینی، کۆمەڵگەی کوردی، کۆمەڵگەی ئیندۆنوسی و...هتد.

ئەگەر لەو روانگەیەوە بڕوانین کە لە رووی تیۆرییەوە ئایین رووخسار بە کۆمەڵگە دەدات، کاتێکە کە بۆت دەردەکەوێت کە دەقەکانی ئایین لە کۆمەڵگە بەرجەستە دەبن و پیادە دەکرێن بە تێگەیشتنی ئەو کۆمەڵگەیەوە، ئەوسا



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

پاش تێپەڕبوونی چەندین سەدە ئەو تێگەیشتنە پراکتیزەکراوە دەبێت بە بەشێك لە کەلتوور.

کاتێك کۆمەڵگە لە قۆناغێکی دیکەدا دەست دەکات بە نوێکردنەوەی تێگەیشتن لە هەمان ئایین، ئەوسا شێوازی پیادەکردنەکەو بەرجەستەکردنەکەی لەگەڵ گۆڕانکاریی کۆمەڵگەدا نوێ دەکرێتەوە، ئەگەرنا، دەقەکان هەر ئەو دەقانەی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرن (دروودی خوای لەسەر).

دیارە ئایین وەختێك دێت، بە دەقەکانی دەیەوێت گۆڕانکاری لە نێو کۆمەڵگەدا بکات، کەلتووری کۆمەڵگەش لەو شوێنانەی کە ناساز و ناکۆکە لەگەڵیدا بیانگۆڕێت، لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە:

ئایا لەسەر ئایین پێویستە خۆی بسازێنێت لەگەڵ کەلتووری کۆمەڵگە؟ یان لەسەر کۆمەڵگە پێویستە خۆی بسازێنێت لەگەڵ ئەو شتانەی کە لە دەقی ئایینیدا هاتوون؟


جارێکی دیکە ئەم مەسەلەیە دەوەستێتە سەر مرۆڤەکان، چونکە دواجار ئایین بریتییە لە شتێکی واتایی، ئایین وەکو شتێکی واتاییش لە شوێنێکی ماددیدا بەرجەستە دەبێت کە مرۆڤ و کۆمەڵگەیە.

ئێمە ئایین بە مرۆڤەکانەوە دەناسینەوە، هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەیەکدا ئەوە نیشاندەدات ئەو کۆمەڵگەیە پابەندن بە دەقە ئایینییەکانەوە، یان نا؟

بۆ نموونە: دەبینین لە ئاییندا ژن بە ژن، گەورە بە بچووك نییە، بەڵام کە دەڕوانینە کۆمەڵگەی کوردی کەلتوورێکی تێدایە لە هەندێك جێگە بە ناوی ژن بە ژن، گەورە بە بچووك، ژن لە بری خوێن و.. هتد.

هەموو ئەمانە زاڵن، چونکە لەو شوێنەدا دابونەریت و عورف و عادات و کەلتووری تایبەت زاڵتر بووە بە سەر خودی ئایینەکەدا، تا ئەو ڕادەیەی ئەو عورف و عادەتە لە تێڕوانینی خەڵکەکەدا جێگەی خۆی دەکاتەوە و خۆی بدات بە بەشێك لە ئایین و خەڵکەکەش بە نێوی ئایینەوە ئەو کارە ئەنجام دەدەن.

لێرەوە ئەرکی زانایان دەستپێدەکات بۆ نوێکردنەوە بە ئاراستەی ئەو شتانەی کە لە خودی ئاییندا نین، جیا بکرێنەوە بۆ ئەوەی عورفی هەڵەی کۆمەڵگە و کەلتووری هەڵە، هەمان پێگەی ئایین وەرنەگرێت.




# شکستی لیبرالیزم و گەڕانەوە بۆ بەها باڵاکانی بیری نەتەوەیی

**ئەو پێشکەوتن و داهێنانانەی مرۆڤایەتی بەدەستی هێناون بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەییە نەک سیستمی لیبرالیزم**



**جورج دەبلیو بوشی کوڕ دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێنیش، دیسان گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە بەبێ هەرێمی کوردستان ناتوانێت لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت، بۆیە بە ئەقڵانی و لۆژیکانە سەیری داواکانی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانی دەکرد، کە بەڕێز مسعود بارزانی پێداگری لەسەر دەکرد**

**هەر شێوازێکی حوکمرانی بیەوێت خۆی بکاتە مودێلێکی جیهانی و بە زۆر ئەو مودێلە بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا بسەپێنێت، ئەوا بەردەوام رووبەڕووی شەڕی درێژخایەن و بێ کۆتایی دەبێتەوە**

**دەکرێت دەنگدان بۆ جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا کە پێش هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ بوو لەلایەن ئەمریکییەکانەوە، بە سەرەتای راگەیاندنی شکستی لیبرالیزم لە قەڵەم بدرێت**

یۆرام هازۆنی کە یەکێکە لە بیرمەندە جووەکان و سەرۆکی (ئامۆژگای هرزل)ـە لە ئۆرشەلیم لە مانگی سێپتەمبەری رابردوو کتێبێکی بە ناونیشانی (بەها باڵاکانی بیری نەتەوەیی. The Virtue of Nationalism) بڵاوکردەوە و، لە پەنێڵێکدا کە ئامۆژگای (هێرتاج فاوندەیشن) لە واشنتۆن بۆ قسەکردن لەسەر ئەم کتێبە بۆی رێکخستبوو، هازۆنی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە هەر شێوازێکی حوکمڕانی بیەوێت خۆی بکاتە مودێلێکی جیهانی و بە زۆر ئەو مودێلە بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا بسەپێنێت، ئەوا بەردەوام رووبەڕووی شەڕی درێژخایەن و بێ کۆتایی دەبێتەوە، ئەمەش هەر لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانییەوە تا دەگاتە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و کریستیانیەتی و تادەگاتە سیستمی سۆڤیەتی پێشوو کە دەیویست ئیمپراتۆریەتی کۆمۆنیستی لە سەرانسەری جیهان دابمەزرێنێت، هەروەها هیتلەر کە دەیویست دووبارە ئیمپراتۆریەتی جەرمەنی بونیاد بنێتەوە، ئەوا سەرەنجام هەموو ئەو ئیمپراتۆریەتانە رووخاون و نەیانتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

لە دوای رووخانی دیواری بەرلین لە ساڵی ١٩٨٩، هەروەها بەر لە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، ئیدارەی ئەمریکی لە سەردەمی جۆرج بوشی باوکدا کە سیستمی نوێی جیهانی راگەیاند، بەوەش ئەمریکا لە لیبرالیزمەوە بەرەو ئیمپریالیزم هەنگاوی هەڵگرت و هەوڵیدا هیچ بەهایەك بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی نەهێڵێتەوە و بە زەبری هێز، لیبرالیزم بەسەر هەموو جیهاندا بسەپێنێت، بەڵام لە ماوەی نزیکەی کەمتر لە ٢٥ ساڵدا شکستی ئەم وەرچەرخانەی ئەمریکا بەرەو ئیمپریالیزم دەرکەوت و لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ خەڵکی ئەمریکا دەنگیان بە دۆناڵد ترەمپ دا، کە شکستی هەژموونی لیبرالیزمی راگەیاند و، بە راشکاوی رایگەیاند کە سەپاندن و بڵاوکردنەوەی لیبرالیزم چیدیکە کاری حکومەتی ئەمریکا نابێت، هەروەها لەسەر ئاستی یەکێتی ئەورووپاش دەنگدەرانی بەریتانیا دەنگیان دا بۆ جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا، کە دەکرێت دەنگدان بۆ جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا کە پێش هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ بوو لەلایەن ئەمریکییەکانەوە، بە سەرەتای راگەیاندنی شکستی لیبرالیزم لە قەڵەم بدرێت.

هازۆنی. هەموو ئەو پێشکەوتن و داهێنانە زانستییانەی کە مرۆڤایەتی هەتا ئێستا پێی گەیشتووە و سیستمی لیبرالیزم وەك دەستکەوتێك بۆ خۆی هەژماری دەکرد، بە بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەیی دەزانێت، نەك سیستمی لیبرالیزم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك نەتەوە دەگاتە ئازادیی نیشتمانی و دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەو نەتەوەیە هەوڵدەدات کە نموونەیەکی باشی حوکمڕانی پیشانی جیهان بدات و دەیەوێت لە چوارچێوەی دەوڵەتە نەتەوەکەیدا زانکۆی باشتر و بازاڕی باشتر دروست بکات، ئەم جۆرە کێبڕکێیەش کە لەنێوان نەتەوەکاندا دێتەئاراوە، ئەوا زەمینەی داهێنان دروست دەکات و دایکی هەموو پێشکەوتنەکانیش ئەو داهێنانەیە کە دەوڵەتی نەتەوەیی زەمینەی بۆ دەڕەخسێنێت.

سەبارەت بە ئاشتیی نێوان دەوڵەتانی نەتەوەییش، کە دیسان ئەمیشیان سیستمی لیبرالیزم وەك بەهایەکی گەورە بە دەستکەوتی خۆی دەزانێت، بەڵام بیرمەند هازۆنی ئەمەش رەتدەکاتەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت و دەڵێت: «لە نێوان دەوڵەتانی نەتەوەییدا شەڕ روونادات، نەك لە نێوان دەوڵەتانی لیبرالیزم..»، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نەتەوە دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، ناخوازێت سنووری خۆی فراوان بکات، یان تەنانەت ئەگەر شەڕێکیش لەنێوان دوو دەوڵەتی نەتەوەیی رووبدات، شەڕێکی درێژخایەن و بێ کۆتایی نابێت و زوو تەواو دەبێت.

دەربارەی مافی بڕیاردانی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەت بۆ نەتەوەی کورد، دیسان بیرمەند هازۆنی ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە «چۆن دەبێت نەتەوەیەکی ٣٠ ملیۆن کەسی خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نەبێت؟» بە مانایەکی دیکە، ئەگەر نەتەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بوایە، ئەوا ئەم ٣٠ ملیۆن کەسە هەوڵیاندەدا شێوازێکی جیاوازتر لە حوکمڕانیی (تورکیا، عێراق، ئێران و سووریا) پێشکەشی جیهان بکەن، بەمەش دەوڵەتی کوردستان دەبووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ئاشتەوایی لە ناوچەکە و کێبڕکێی نێوان نەتەوەکان بۆ پێشکەشکردنی شێوازی حوکمڕانیی باشتر و ئەو هەموو شەڕ و وێرانکارییە رووی نەدەدا.

لەسەر رۆڵی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانان لە شەڕی دژی داعش و بێوەفایی

ئەمریکا بەرامبەر کورد، هازۆنی دەڵێت: «تەنیا هێزێکی پشت پێ بەستراو کە هاوشانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستانی عێراق قارەمانانە شەڕی دژی داعش کرد، هێزەکانی کوردستان بوون، بەڵام ئەمریکا لە پڕچەککردنی هێزەکانی عێراقدا، تانکی داوە بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە سەر بە ئێرانن، بەڵام نەیداوەتە هێزی پێشمەرگە کە بە ڕاستی هاوپەیمانی ئەمریکا بوون».

ئەم کتێبە تازەیە ئەوەمان فێردەکات، بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی بۆ هەموو نەتەوەیەك، بەها باڵاکانی نەتەوەیی خۆیەتی، نەك بەها باڵاکانی لیبرالیزم، بۆیە هەر نەتەوەیەك بە پشتبەستن بە بەها باڵاکانی نەتەوەیی خۆی هەوڵبدات خۆی بەڕێوەبەرێت و شێوازێکی تایبەتی بۆ حوکمڕانی بونیاد بنێت، ئەوا دەبێتە ئەو شێوازەی کە کێبڕکێ لەنێوان نەتەوەکان لەسەر کاری باش دروست دەکات و زەمینەی داهێنان لە هەموو بوارەکاندا دروست دەکات، بەڵام هەر نەتەوەیەك هەوڵبدات بە لاساییکردنەوەی ئەو ئایدیۆلۆژییانەی کە دەیانەوێت خۆیان وەك ئایدیۆلۆژیەتێکی جیهانی پێناسە بکەن، شێوازی حوکمڕانیی خۆی دیاری بکات، ئەوا ئەو نەتەوەیە سەرکەوتوو نابێت و ئەو ئایدیۆلۆژیەتەش بۆ نموونە (ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامی بێت بە شیعە و سوننەوە، کریستیانی بێت لە کاسۆلیك و ئەرزۆسۆکسەوە، کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بێت، نازیەتی هیتلەری بێت، یان ئەو لیبرالیزمەی ئێستا بێت کە وەرچەرخاوە بۆ ئیمپریالیزم) هەر کامیان بێت، ئاکامەکەی ئەوە دەبێت شەڕی درێژخایەنی بێ کۆتایی دروست دەکات و نەتەوەش لە داهێنان و حوکمڕانیی لۆکاڵی خۆی بێبەش دەکات.

## ● جیاوازی لە نێوان (کۆتایی مێژوو)ەکەی هیگل و فۆکۆیاما

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩، هیگل سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسای بە (کۆتایی مێژوو) ناوبرد، لەبەر ئەوەی دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە ١٤ی تەمموزی ١٧٨٩، لە یەکەم دانیشتی ئەنجومەنی نیشتمانیی فەرەنسادا لە ٢٦ی ئابی ١٧٨٩ لائیحەی مافەکانی مرۆڤ و مافی هاووڵاتی ڕاگەیەندرا، کەواتە شۆڕش فەرەنسای لە پادشایەتییەوە گۆڕی بۆ کۆماری، یان دەتوانین بڵێین پادشایەتی فەرەنسای گۆڕی بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ فەرەنسییەکان. هەروەها ئەو لائیحەیەش تەنیا بۆ مافی تاك و گرووپی نەتەوەیی فەرەنسی نییە، بەڵکو مافێکە بۆ هەموو نەتەوەکانی دیکەش.

لای هێگل دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەو چوارچێوەیەیە کە تاکەکانی نەتەوە هەم هەموو مافەکانی مرۆڤی دەبێت، هەمیش مافی هاووڵاتی و نەتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا دەگاتە ئازادی، گەیشتن بە ئازادیش، واتە (ئەو خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانەی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئازادی بە درێژایی مێژوو داویەتی، کۆتایی دێت و مێژوویەکی دیکە دەست پێ دەکات کە دەبێتە مێژووی پاراستنی ئازادی)، هەر بۆیە ئەوەی شۆڕشی فەرەنسا لە ماوەی ٤٠ ڕۆژدا کردی، دەستنیشانکردنی هەمان چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە بوو کە هیگل وەك چوارچێوەیەك بۆ گەیشتن بە ئازادی دیاری کردبوو.

دوای تێپەڕبوونی ٢٠٠ ساڵی تەواو بەسەر شۆڕشی فەرەنسادا، لە ساڵی ١٩٨٩ دیواری بەرلین ڕووخا، ئەمجارەیان فرانسیس فۆکۆیاما ئەو ڕووداوەی ناو لێنا: «کۆتایی مێژوو»، فۆکۆیاما لەسەر ئەو بنەمایە ڕووخانی دیواری بەرلینی ناو لێنا: «کۆتایی مێژوو»، لەبەر ئەوەی ڕووخانی دیواری بەرلینی وەك ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی سیستمی لیبرالیزم و شکستهێنانی سیستمی کۆمۆنیستی لە قەڵەم دا، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئامانجی سیستمی کۆمۆنیست جیهانی بوو، ئامانجی ئەوە بوو ئەم سیستمە لە هەموو دەوڵەتانی جیهاندا کۆپی بکاتەوە، بۆیە دوای شکستهێنانی کۆمۆنیستی، لیبرالیزمی وەك سیستمێکی جیهانی پێناسە کردو ڕایگەیاند سیستمی لیبرالیزم ئەو سیستمەیە کە دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ ئازادیی تاك و هەموو جیهان پێشوازی لێدەکات. بەڵام ئەم پێشبینییەی فۆکۆیاما تەنیا یەك دوو ساڵێك بڕی کرد و لەدوای لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتەوە کە لیبرالیزم هەوڵیدا جێی بگرێتەوە و خۆی بکاتە ئایدیۆلۆژیەتێکی جیهانی، شەڕی گەورە و خوێناوی و بێ کۆتایی دەستی پێکردووە کە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٣٠ ساڵ بە سەر ڕووخانی دیواری بەرلیندا، هێشتا نەك هەر شەڕەکان کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو شەڕە خوێناوییە کۆتایی نەهاتووەکان سیستمی جیهانی لەبەر یەك هەڵوەشاندووەو جیهانی دابەشکردووە بۆ سیستم و پاشاگەردانی. بەڵام لە بەرامبەردا

کاتێک نەتەوە دەگاتە ئازادیی نیشتمانی و دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەو نەتەوەیە هەوڵدەدات کە نموونەیەکی باشی حوکمڕانی پیشانی جیهان بدات

ئەگەر نەتەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بوایە شێوازێکی جیاوازتر لە حوکمڕانیی (تورکیا، عێراق، ئێران و سووریا) پێشکەشی جیهان دەکرد و دەبووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ئاشتەوایی لە ناوچەکەو کێبڕکێی نێوان نەتەوەکان بۆ پێشکەشکردنی شێوازی حوکمڕانیی باشتر و ئەو هەموو شەڕ و وێرانکارییە ڕووی نەدەدا

ئەمریکا لە پڕچەککردنی هێزەکانی عێراقدا، تانکی داوە بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە سەر بە ئێرانن، بەڵام نەیداوەتە هێزی پێشمەرگە کە بە ڕاستی هاوپەیمانی ئەمریکا بوون

**هەر نەتەوەیەک بە پشتبەستن بە بەها باڵاکانی نەتەوەیی خۆی هەوڵبدات خۆی بەڕێوەبەرێت و شێوازێکی تایبەتی بۆ حوکمڕانی بونیاد بنێت، ئەوا دەبێتە ئەو شێوازەی کە کێبڕکێ لەنێوان نەتەوەکان لەسەر کاری باش دروست دەکات و زەمینەی داهێنان لە هەموو بوارەکاندا دروست دەکات**

**ئەگەر هەر هێزێک (ئەوجا ئەو هێزە هەر هێزێک بێت) بیەوێت ئیرادەی نەتەوەیەکی دیکە پێشێل بکات و ئیرادەی خۆی بەسەردا بسەپێنێت، ئەوا نەتەوەی بەرامبەر قبووڵی ناکات، بەمەش سیاسەتی واقیعی نێودەوڵەتی فەرامۆش دەکرێت، باڵانسی هێز لە نێوان دەوڵەتەکان لەبەر چاو ناگیرێت و شەڕ و پاشاگەردانی بێ کۆتایی باڵ بەسەر جیهاندا دەکێشێت**

**هەموو ئەو دەوڵەتانەی خۆیان بە پێشەنگی لیبرالیزم دەزانن، لەئاستی ئەو غەدرە گەورەیەی لە نەتەوەکەمان کرا، چاویان داخست و هیچ ڕێزێکیان بۆ ئیرادەی ئازادیخوازانەی سێ ملیۆن دەنگدەری کوردستانی دانەنا**

دوای تێپەڕبوونی ٢٣٠ ساڵ بەسەر شۆڕشی فەرەنسادا، جارێکی دیکە هەموو جیهان لە پێش هەموویانەوە ئەمریکا و بەریتانیا و بەشێکی زۆری دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا، لە هەوڵی گەڕانەوەدان بۆ چەمکی (دەوڵەتی نەتەوەیی) ئەوەی هیگل لە دوای شۆڕشی فەرەنسا ناوی لێنا: «کۆتایی مێژوو».

جۆن میرشامێر کە بیرمەندێکی ئەمریکییە و پێش دوو مانگ کتێبێکی بە ناونیشانی (گەورەترین وەهم: خەونی لیبراڵی و واقیعی نێودەوڵەتی - Great Delusion: Liberal Dreams and International Realities) بڵاوکردۆتەوە، ئەم کتێبەی تەرخانکردووە بۆ بەراورد پێکردنی سێ چەمك کە بریتین لە (تاکگەرایی — individ-ualism)، (بیری نەتەوەیی — Nationalism )، (واقیعبینی — Realism).

میرشامیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم سێ چەمکە وەك سێ پرانسیپ گرێدراوی یەکن و ناکرێت یەکێکیان فەرامۆش بکرێت، هەر بۆ نموونە: کاتێك لیبرالیزم جەخت لەسەر چەمکی (تاکگەرایی) دەکاتەوە، ئەوا کارێکی گرنگە سیستمی حوکمڕانیی ئەمریکا وەك سیستمێکی لیبراڵی بۆ سیاسەتی ناوخۆی لەسەر بنەمای چەمکی (تاکگەرایی) حوکمڕانی بکات و دەبێت هەموو ئەمریکییەکیش شانازی بە چەمکی (تاکگەرایی)یەوە بکات کە بۆتە ئەو چوارچێوەی ئەو مافانە دەپارێزێت کە هیچ کەسێك بۆی نییە یارییان پێ بکات، بەڵام کێشەکە لەوەدا دروست دەبێت کە ئیدارەی ئەمریکی هەوڵبدات لەسەر بنەمای ئەم چەمکی (تاکگەرایی)یە سیاسەتی دەرەوەی دابڕێژێت و هەوڵبدات بە زەبری هێز لە وڵاتانی دیکە جێبەجێی بکات و هیچ حیسابێك بۆ هەستی نەتەوەیی نەتەوەکانی دیکە نەکات، هەر بۆیە لای نەتەوەکانی دیکە، ئەم هەوڵانەی ئەمریکا وەك دەستدرێژی بۆ سەر سەروەریی نەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێت و کاردانەوەی توندی بەدوادا دێت. هۆکاری ئەم کاردانەوەیەش ئەوەیە لە چەمکی (ناسیۆنالیزمدا) پشت دەبەسترێت بە مافی هۆز، لەبەر ئەوەی نەتەوە لە هۆز پێکدێت و ئەوە نەتەوەیە کە تێکڕای هۆزەکان لە چوارچێوەی نەتەوەدا کۆدەکاتەوە، ئیرادەی نەتەوە شێوازی حوکمڕانیی هەر نەتەوەیەك دیاری دەکات، هەر بۆیە ئەگەر هەر هێزێك (ئەوجا ئەو هێزە هەر هێزێك بێت) بیەوێت ئیرادەی نەتەوەیەکی دیکە پێشێل بکات و ئیرادەی خۆی بەسەردا بسەپێنێت، ئەوا نەتەوەی بەرامبەر قبوڵی ناکات، بەمەش سیاسەتی واقیعی نێودەوڵەتی فەرامۆش دەکرێت، باڵانسی هێز لە نێوان دەوڵەتەکان لەبەر چاو ناگیرێت و شەڕ و پاشاگەردانی بێ کۆتایی باڵ بەسەر جیهاندا دەکێشێت.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لائیحەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی کە لەدوای شۆڕشی فەرەنسا راگەیەندرا، ئەوا ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەم لائیحەیە دوو جۆر ماف بۆ تاکی نەتەوە دیاری دەکات، کە بریتین لە دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ وەك تاك، هەروەها دابینکردنی مافی کۆ وەك هاووڵاتییەك لەناو دەوڵەتە نەتەوەییەکدا، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو بنەمایەی جۆرج بوشی باوك لە ساڵی ١٩٩١ و دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، سیستمی نوێی جیهانی پێ راگەیاند، دەبینین تەنیا پشتی بە بنەماکانی لائیحەی مافەکانی مرۆڤ بەستووە کە لە ساڵی ١٩٤٨ سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی (تەنیا بلۆکی رۆژئاوا) پەسەندی کردووە و پاشان نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندووە. هۆکاری پەسەندکردنی لائیحەی مافەکانی مرۆڤیش کە هەموو جیهان پەسەندی کردووە، لەبەر ئەوەیە کە ئەو مافانەن کە هیچ کەس بۆی نییە دەستکارییان بکات و مافی هەر تاکێکە، بەڵام کاتێك تاکێك (ئەوجا سەر بەهەر نەتەوەیەك بێت)، کە دوو مافی هەیە، یەکەمیان ئەو مافانەن کە لە لائیحەی مافەکانی مرۆڤ هاتووە، بەڵام مافی دووەمی لێ دەسێنێتەوە کە مافی کۆیە وەك هاووڵاتی لە دەوڵەتێکی نەتەوەییدا، ئەوا لەم حاڵەتەدا لەبری ئەوەی لیبرالیزم ببێتە ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی کە هیگل بەو چوارچێوەی داناوە کە نەتەوە تێیدا دەگاتە ئازادی، ئەوا لیبرالیزم دەبێتە ئەو چوارچێوەیەی کە ئیرادەی نەتەوە پێشێل دەکات.

ئەوانەی هەتا ئێستاش بەرگری لە چەمکی لیبرالیزم دەکەن و پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەبێت لیبرالیزم لەسەرانسەری جیهان بسەپێندرێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەگەر وڵاتێکی دیکتاتۆری مافەکانی مرۆڤی لە دژی هاووڵاتیانی خۆی پێشێل کرد، چۆن دەبێت ئەمریکا، یان دەوڵەتانی رۆژئاوا بێدەنگ بن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بیرمەندی جوو یۆرام هازۆنی دەڵێت:» ئەوە کارێکی باشە ئەگەر

ئەمریکا، یان وڵاتانی رۆژئاوا دەستتێوەردان بکەن بۆ ئەوەی رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن، یان کۆتایی بە کۆمەڵکوژییەکی وەك رواندا بێنن، بەڵام ئەوە کارێکی خراپە کە بیەوێت رژێمەکە برووخێنێت و داگیری بکات، وەك عێراق و ئەفغانستان کە ئەمریکا خۆی باش دەزانێت ئەو توانایەی نییە کە دیموکراتی لەو وڵاتانە بونیاد بنێت..» ئەم وەڵامەی هازۆنی بە راشکاوی مانای ئەوەیە کارێکی باش دەکات ئەمریکا کە هاوکار بێت بۆ رێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام کارێکی لە رادەبەدەر خراپ دەکات کە (مافی کۆ) لە تاکەکانی نەتەوە وەربگرێتەوە و وای لێبکات هەست نەکات هاووڵاتی دەوڵەتە نەتەوەییەکەی خۆیەتی، لێرەدا لەوانەیە باشترین نموونە بۆ ئێمە، هاوکاری و هاوپەیمانیی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بێت، بێگومان ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کارێکی باشیان کرد کە دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان بەدەنگ پێشمەرگەوە هاتن و هاوکارییان کردین بۆ تێکشکاندنی ئەفسانەی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگە، ئەوان باش دەیانزانی پێشمەرگە تەنیا لە پێناوی خاك و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بەو ئاستە قوربانی دەدات و بەو ئاستە بەشداری لە تێکشکاندنی داعشدا دەکات، بۆیە کاتێك ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی تەنیا لەسەر چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ سەیری مافەکانی گەلی کوردستان دەکەن و (مافی کۆ) مان وەك نەتەوەیەك پێ رەوا نابینین، بۆیە ئەمە وایکردووە ئێمە وەك نەتەوەی کورد بە تەنیا بە مامەڵەکردن لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ، هەست نەکەین کە وەك نەتەوە رێز لە کەرامەتی نەتەوەییمان گیراوە.

ئەمریکا و کۆی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و هەروەها ڤاتیکانیش، زۆر باش ئەو راستییەیان بۆ سەلمێندراوە، کە ئەو نموونە جوانەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی و دژایەتی تیرۆر و تیرۆریستان کە هەرێمی کوردستان پێشکەشی کردووە، لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش کەم وێنەیە، بەڵام نایانەوێت ئەم نموونە جوان و سەرکەوتووە لەچوارچێوەی دەوڵەتی کوردستاندا بوونی هەبێت و بەزۆری زۆرداری تێکەڵاوی ئەزموونە شکستخواردووەکەی عێراقی دەکەنەوە، ئەمەیە بەشی زۆری بیرمەندانی ئێستای جیهانی گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی (لیبرالیزم بێجگە لە وەهمێکی گەورە، شتێکی دیکە نییە) و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە لیبرالیزم لە ناو مەزهەبی کاسۆلیکی کریستیانیدا تواوەتەوە و ئامانجیەتی خۆی بەسەر هەموو جیهاندا فەرز بکات، ئەم بۆچوونە کە بەرامبەر لیبرالیزم هێجگار توندە، بەڵام ئەمە کاردانەوەی نەتەوەیەکە کە زیاتر لە سێ ملیۆن دەنگدەری چووە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە (بەڵێ) دەنگی بۆ مافی (کۆی نەتەوەی کوردستان) دا و بە جیهانی راگەیاند، ئەم نەتەوەیەش مافی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەیە، بەڵام هەموو ئەو دەوڵەتانەی خۆیان بە پێشەنگی لیبرالیزم دەزانن، لەئاستی ئەو غەدرە گەورەیەی لە نەتەوەکەمان کرا، چاویان داخست و هیچ رێزێکیان بۆ ئیرادەی ئازادیخوازانەی سێ ملیۆن دەنگدەری کوردستانی دانەنا.

## ● بە رێگریکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئاستەنگی گەورەیان بۆ ئاشتی و سەقامگیری دروستکرد

ئامانج لە دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ی نیودەوڵەتی بۆ دابینکردنی ناوچەی دژەفڕین لە سەرووی هێڵی ٣٦ ـەوە تەنیا بۆ ئەوە بوو کە ئەو ناوچانەی دەکەونە سەرووی هێڵی ٣٦ ببنە کۆمەڵگەیەکی گەورەی پەنابەران لەسەر خاکی خۆمان کە کوردستانە.

بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی کە لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ دەرچوو، رژێمی بەعسی ناچار نەکرد کە لە کوردستان بکشێتەوە و کوردستان لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی بەڕێوەببات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە قەناعەتی حزبی بەعس بوو کە گەلی کوردستان توانای خۆبەڕێوەبردنی نییە، بۆیە وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لە کوردستان بڕیاری دا دامودەزگاکانی لە کوردستان بکشێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە سەدام و حزبی بەعس لەوە دڵنیابوون کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نە کوردستان دەخاتە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان، نە گەمارۆ سەپێندراوەکانی سەر عێراقیش لەسەر کوردستان هەڵدەگرێت، نە ئامادەباشی ئەوەشی تێدایە کە مامەڵەیەکی فەرمی لەگەڵ کوردستاندا بکات، لەناو ئەم

**کاتێک ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی تەنیا لەسەر لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ سەیری مافەکانی گەلی کوردستان دەکەن و (مافی کۆ) مان وەک نەتەوەیەک پێ رەوا نابینین، بۆیە ئەمە وایکردووە ئێمە وەک نەتەوەی کورد بە تەنیا بە مامەڵەکردن لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ، هەست نەکەین کە وەک نەتەوە رێز لە کەرامەتی نەتەوەییمان گیراوە**

**ئەو هەنگاوە خێرایانەی خەڵکی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی و ئیداری لە هەرێمی کوردستاندا، سەرنجی رێکخراوە ناحکوومییە جیهانییەکانی بە ئاستێک راکێشا، کە وەک موعجیزەیەک سەیری ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکەن**

**لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، هیچ نەتەوەیەکی جیهان نەبووە بە هاوشێوەی گەلی کوردستان وەک نەتەوەیەکی دوای شەڕ و بێ ئەزموون لە پرۆسەی حوکمڕانی بتوانێت لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا خۆی رێکبخاتەوە و بەبێ ئەوەی پەرلەمانی هەبێت، یاسای هەڵبژاردن دەربکات و پەرلەمان و حکومەتی خۆی دابمەزرێنێت**

**لە ئابی ١٩٩٦ پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوایین هەفتەی تەمەنی خولی یەکەمی پەرلەماندا، پەرلەمانی لە لەدەستدانی شەرعییەت رزگار کردو ماوەی خولی یەکەمی درێژ کردەوە و شەرعییەتی گێڕایەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئیدارەی کلینتۆن گەیشتە ئەو قەناعەتەی دەبێت هەر هێندە هاوکاری کوردستان بکات ئەو ئەزموونە وەک خۆی بمێنێتەوە**

**لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ و دوای ئەوەی رووخانی رژێمی بەعس بووە ئامانجی ئیدارەکەی جۆرج دەبلیو بوشی کوڕ، بایەخ و گرنگی هەرێمی کوردستان بە ئاستێک بۆ ئەمریکا دەرکەوت، ئەگەر هەرێمی کوردستان نەبێت، ئەوا ئەمریکا نەیدەتوانی پرۆسەی رووخانی رژێمی بەعس جێبەجێ بکات**

بارودۆخە سیاسییە نێودەوڵەتییە ئاڵۆزە و لەژێر باری سەختی گەمارۆیە نێودەوڵەتییەکانی سەر عێراق کە هەرێمی کوردستانیشی دەگرتەوە و پاشان ئەو گەمارۆ سەختە ئابوورییەشی کە حکومەتی بەعس بە کشانەوەی دامودەزگاکانی خستیە سەرشانی گەلی کوردستان، بەڵام بەرەی کوردستانی بە پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان تەنیا لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا بڕیاری هەڵبژاردنی دا و لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردنی ئەنجامداو لەماوەی تەنیا دوو هەفتەدا لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان دامەزرا و یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی گرێدا و لە ماوەی یەك مانگدا و لە ٤ی تەموزی ١٩٩٢ یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خواردو دەست بەکار بوو، دوای ئەمیش تەنیا لەماوەی ٣ مانگدا پەرلەمانی کوردستان بڕیارە مێژووییەکەی فیدراڵیەتی دەرکردو پەسەندی کرد.

ئەم هەنگاوە خێرایانەی خەڵکی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی و ئیداری لە هەرێمی کوردستاندا، سەرنجی رێکخراوە ناحکوومییە جیهانییەکانی بە ئاستێك راکێشا، کە وەك موعجیزەیەك سەیری ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، هیچ نەتەوەیەکی جیهان نەبووە بە هاوشێوەی گەلی کوردستان وەك نەتەوەیەکی دوای شەڕ و بێ ئەزموون لە پرۆسەی حوکمڕانی بتوانێت لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا خۆی رێکبخاتەوە و بەبێ ئەوەی پەرلەمانی هەبێت، یاسای هەڵبژاردن دەربکات و پەرلەمان و حکومەتی خۆی دابمەزرێنێت، هەروەها هیچ نەتەوەیەك لەم جیهانە نەبووە کە بەبێ بودجە و هاوکاری نێودەوڵەتی بتوانێت لە قۆناخی دوای شەڕ حکومەت و پەرلەمانی خۆی دابمەزرێنێتەوە، بەڵام هەرێمی کوردستان لەماوەی ٤ی



نیسانی ١٩٩١ کە بڕیاری ٦٨٨ی نێودەوڵەتی دەرچوو، هەتا ١٥ی نیسانی ١٩٩٥ کە بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش ناسراو بە بڕیاری (نەوت بەرامبەر خۆراك) و هەتا سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ کە بڕیارەکە جێبەجێ کرا، بێجگە لە ژێرخانێکی رووخا و وڵاتێکی کاولکراوی دوای شەڕ، هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی نەبووە کە وەك سەرچاوەی داهاتی دەوڵەتی حیسابی بۆ بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان شکۆی کەرامەتی خۆی لە چوارچێوەی ئەو هەرێمە نیمچە دەوڵەتییەوە دەبینییەوە، ئامادە بوو دەستبەرداری هەموو مافەکانی خۆی بێت و بیکات بە قوربانی مافە نیشتمانییەکانی.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان، لەبری ئەوەی رێز لەو ئەزموونە تازەیە بگرن کە ئیرادەی



**شێوازی مامەڵەی ئیدارەی جورج بوش لە هەردوو خولی سەرۆکایەتییەکەیدا لەگەڵ بارزانی و هەرێمی کوردستان، بووە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هاوکارێکی باشی ئیدارەی بوش بن بۆ بونیادنانەوەی عێراق و سەرکەوتنی هێزەکانی ئەمریکا لە شەڕی دژی قاعیدە لە عێراقدا**

**لەماوەی ٨ساڵی ئیدارەی ئۆبامادا، ئیدارەی ئەمریکا نەک عێراق و کوردستانی پێ نەپارێزرا، بەڵکو سیاسەتە هەڵەکانیان وایکرد، سیتسمی جیهانی لەبەر یەک هەڵبوەشێت، کە ئیدارەی ترەمپیش هات هەر لە بناخەوە سیستمی حوکمڕانیی ئەمریکا و سیستمی جیهانی گۆڕی**

نەتەوەیەکی ئازادیخواز دروستی کردووە، لە جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦یش ئەوەیان بە خەڵکی کوردستان ڕەوا نەبینی کە پشکی کوردستان کە بە (١٣٪) دیاریکرابوو، بیدەنە دەست ئەو پەرلەمان و حکومەتەی کە خەڵکەکە خۆی هەڵیبژاردووە، بەڵکو دوای هەوڵێکی زۆری سەرکردایەتیی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پشکی کوردستان لە داهاتی بەرنامەی (نەوت بەرامبەر خۆراك) درایە نەتەوە یەکگرتووەکان و بە ڕێگەی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو پارەیە بۆ کوردستان خەرج دەکرا، وەك دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش دەرکەوت، ئەوەندەی ئەو پارەیە گەندەڵی تێدا کرابوو، هێندە بۆ پڕۆژەکانی هەرێمی کوردستان سەرف نەکرابوو.

لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢- ٢٠٠٣، هەوڵێکی زۆری هەرێمی هەبوو بۆ دەستوەردان لە کاروباری هەرێمی کوردستان و لەباربردنی ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان، بەڵام کە لە ئابی ١٩٩٦ پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوایین هەفتەی تەمەنی خولی یەکەمی پەرلەماندا، پەرلەمانی لە لەدەستدانی شەرعییەت ڕزگار کردو ماوەی خولی یەکەمی درێژ کردەوە و شەرعییەتی گێڕایەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئیدارەی کلینتۆن گەیشتە ئەو قەناعەتەی دەبێت هەر هێندە هاوکاری کوردستان بکات ئەو ئەزموونە وەك خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەمەش لە ئەیلوولی ١٩٩٨ ڕێککەوتنی واشنتۆن بە ناوبژیوانیی وەزیری دەرەوەی ئەوکات (مادلین ئۆلبرایت) لە واشنتۆن لە نێوان پارتی و یەکێتی ئیمزا کرا، بۆ ئەوەی ئەو لێکترازانەی لە ئیدارەی حکومەتی هەرێم دروست بووە، دووبارە یەك بگرێتەوە، بەڵام ئەم یەکگرتنەوەیە کارێکی ئاسان نەبوو، دوای ٧ ساڵ بەسەر ڕێککەوتنی واشنتۆن و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٥ ئەنجامدرا.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ و دوای ئەوەی ڕووخانی ڕژێمی بەعس بووە ئامانجی ئیدارەکەی جۆرج دەبلیو بوش، بایەخ و گرنگی هەرێمی کوردستان بە ئاستێك بۆ ئەمریکا دەرکەوت، ئەگەر هەرێمی کوردستان نەبێت، ئەوا ئەمریکا نەیدەتوانی پرۆسەی ڕووخانی ڕژێمی بەعس جێبەجێ بکات، هەر بۆیە ئیدارەی بوش بەشێوەیەکی فەرمی و وەك بەڵێنێك لە بونیادنانەوەی عێراقدا بەڵێنی بە کوردستان دا کە لە عێراقی دوای ڕژێمی سەدام حوسێندا، ئەم هەرێمە بە دامەزراوە شەرعییەکانیەوە (پەرلەمان و حکومەت) بە هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لەماوەی ساڵانی دوای ١٩٩٢ تا ئەو ڕۆژەی دەستووری عێراق دەنووسرێتەوە، دەبنە بەشێك لە دەستووری تازەی عێراق، جورج بوشی کوڕ دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنیش، دیسان گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە بەبێ هەرێمی کوردستان ناتوانێت لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت، بۆیە بە ئەقڵانی و لۆژیکانە سەیری داواکانی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانی دەکرد، کە بەڕێز مسعود بارزانی پێداگری لەسەر دەکرد، هەر بۆ نموونە لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگە کە بارزانی پێداگری لەسەر دەکرد، جۆرج بوش نەرمی نواند و پێداگری لەسەر هەڵوەشانەوەی هێزی پێشمەرگە نەکرد، لەسەر بونیادنانەوەی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی جوگرافی و مێژوویی کە ئەمیشیان دیسان هەر بارزانی پێداگری لەسەر دەکرد، بوش پێداگری لەسەر فیدراڵییەتی پارێزگاکان نەکرد، ئەم شێوازی مامەڵەی ئیدارەی جورج بوش لە هەردوو خولی سەرۆکایەتییەکەیدا لەگەڵ بارزانی و هەرێمی کوردستان، بووە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هاوکارێکی باشی ئیدارەی بوش بن بۆ بونیادنانەوەی عێراق و سەرکەوتنی هێزەکانی ئەمریکا لە شەڕی دژی قاعیدە لە عێراقدا، ڕاستە ئیدارەی جۆرج بوش پەنای بۆ زیادکردنی بەپەلەی هێز بۆ عێراق برد و هێزەکانی سەحوەی لە عەرەبی سوننە دروست کرد، بەڵام ئەگەر هاوکاری هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە نەبوایە، فریای ئەوە نەدەکەوت ئەو بڕیارانە بدات کە لە بەڕێوەبردنی عێراقدا سەرکەوتوو بێت، لەلایەکی دیکە ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە بوونی هەرێمی کوردستان، فاکتەرێکی گرنگە بۆ دروستکردنی ئاشتی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکا لەناوچەکە، بۆیە ئیدارەی بوش هەوڵێکی زۆری دا کە زەمینەی هاوکاری و هاریکاری و بازرگانییەکی گەورە لە نێوان کوردستان و تورکیا دروست بکات و متمانە لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دروست بکات، بەمەش توانی لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ کوردستانێکی سەرکەوتوو و عێراقێکی سەرکەوتوو تەسلیمی ئیدارەی باراك ئۆباما بکات، بەڵام لەماوەی

٨ساڵی ئیدارەی ئۆبامادا، ئیدارەی ئەمریكا نەك عێراق و كوردستانی پێ نەپارێزرا، بەڵكو سیاسەتە هەڵەكانیان وایكرد، سیتسمی جیهانی لەبەر یەك هەڵبوەشێت، كە ئیدارەی ترەمپیش هات هەر لە بناخەوە سیستمی حوكمڕانیی ئەمریكا و سیستمی جیهانی گۆڕی، مەزندەكان بەو ئاراستەیە بوون كە ئیدارەی ترەمپ هەوڵی چارەسەركردنی كێشەكان دەدات، بەتایبەتی هەموو ئەو راپۆرتانەی بۆ سیاسەتی ئەمریكا لە عێراقدا بۆ ئیدارەی دوای باراك ئۆباما پێشنیار كرابوون، هەموو راپۆرتەكان جەختیان لەسەر ئەوە كردبۆەوە كە بۆ بەرژەوەندیی سیاسەتی ئەمریكا لە عێراقدا وا پێویست دەكات، كە سیستمی سیاسیی كوردستان راستەوخۆ تێكەڵاوی ئەو سیستمە سیاسییە شكستخواردووەی عێراق نەكرێتەوە و ئەمریكا خۆی تەرخان بكات بۆ رێكخستنەوەی سیستمی سیاسی لە بەشە عەرەبییەكەی عێراق و دوای ئەو رێكخستنەوەیە لەسەر بنەمایەكی تازە پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا رێكبخرێتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم قەناعەتە لای هەردوو پارتی كۆماری و دیموكراتی دروست ببوو، كاتێك ئەم راپۆرتانە كاریان لەسەر كرابوو، هێشتا هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی ٢٠١٦ دەستی پێ نەكردبوو، پاشانیش لە ئایاری ٢٠١٥ شاندی كوردستان بە سەرۆكایەتی بارزانی راشكاوانە پرسی سەربەخۆیی كوردستانی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما باسكردبوو، ئەو خۆی راسپاردەی ئەوە بوو كە سەربەخۆیی بكەنە پرۆسە و ژوورێكی عەمەلیاتی بۆ دروست بكەن و وتبووی خۆتانی بۆ ئامادە بكەن، بەڵام بە مەرجێ ئەم پرۆسەیە بكەوێتە دوای شەڕی دژی داعش، بارزانی بەڵێنی بە سەرۆك ئۆباما دابوو كە تا شەڕی دژی داعش كۆتایی نەیەت، ئەو پرۆسەیە دەست پێناكات.

دیارە پێش ئەوەی شەڕی داعش لە عێراقدا كۆتایی بێت، دیموكراتەكان لە هەڵبژاردنی ٢٠١٦ دۆڕان، بەڵام پێش ئەوەی ئۆباما كوشكی سپی بەجێبهێڵێت پرۆسەی ئازادكردنەوەی موسڵ بۆ رووخانی خەلافەتی داعش دەستی پێكرد، هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ هەموو ئەو ناوچانەی ئازادكردەوە كە بەپێی رێككەوتنی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە میانگیری ئەمریكا بۆی دانرابوو و دەروازەكانی موسڵی بۆ سوپای عێراق كردەوە و هەر ئەو رۆژەش بارزانی لە باشیكەوە كۆتایی شەڕی داعشی لە بەرەی كوردستانەوە راگەیاند. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش دوای ئەوەی ماوەی ٨ مانگ بوو شەڕی داعش لە بەرەی كوردستانەوە كۆتایی هاتبوو، بەشی هەرە زۆری حزبەكانی كوردستان بە ئامادەبوونی بارزانی كۆبوونەوە و رۆژی ٢٥ی ئەیلوولیان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دەستنیشان كرد.

ئامانج لە ریفراندۆم وەك بە درێژایی هەڵمەتەكانی ریفراندۆم بارزانی جەختی لەسەر دەكردەوە، ئەوە نەبوو رۆژی دواتر دەوڵەتی كوردستان رابگەیەندرێت، بەڵكو ئامانج لە ریفراندۆم ئەوە بوو كە لەسەر بنەمای ئیرادە و خواستی خەڵكی كوردستان، دیالۆگێكی سەردەمییانە لەگەڵ حكومەتی عێراق دەستی پێ بكرێت و لەسەر ئەو بنەمایە پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا رێكبخرێتەوە و شێوازی پەیوەندیی ئایندەیان دیاری بكرێت. بەڵام بەداخەوە ستافی ئیدارەی ترەمپ رێزی لە ئیرادەی خەڵكی كوردستان نەگرت و سەرەنجامیش وەك ئێستا دەیبینین، ئەو زیانەی بەر شكۆی سیاسەتی ئەمریكا كەوتووە لە عێراقدا، لەچاو ئەو هەموو قوربانی و پارەیەی بۆ بونیادنانەوەی عێراق لەدوای ٢٠٠٣وە داویەتی، شكستێكە هیچی لە شكستی ئەمریكا لە شەڕی ڤێتنام كەمتر نییە و، بەم هەڵوێستەی بە جۆرێك بارودۆخی ناوچەكەی لێ ئاڵۆز بووە، كە شكۆی ئەمریكای خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

لێرەوە ئەگەر گریمانەی ئەوە بكەین، ستافی ئیدارەی ترەمپ بەسەر سیاسەتی تەسكی حزبایەتیی خۆیاندا زاڵ بوونایە و لە پێناوی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا لە عێراق و ناوچەكە مامەڵەیان لەگەڵ ریفراندۆم و ئایندەی هەرێمی كوردستان لە عێراقدا بكردایە و ئەگەر رێگەیان نەدابایە میلیشیاكانی حەشدی شەعبی هێرش بكەنە سەر كوردستان، ئایا نفووز و پێگەی ئەمریكا لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەمجۆرە دەبوو كە ئێستا بوونی هەیە، یان جارێكی دیكە وەك سەردەمی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش، عێراق دەبووەوە ئەو پێگە گرنگە بۆ ئەمریكا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كە دەیتوانی كۆنتڕۆڵی كێشەكان بكات رووسیاش بەو ئاستە نەدەبووە هاوشانی ئەمریكا لە كۆی هاوكێشەكانی ناوچەكە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟!

**ئەو زیانەی بەر شكۆی سیاسەتی ئەمریكا كەتووە لە عێراقدا، لەچاو ئەو هەموو قوربانی و پارەیەی بۆ بونیادنانەوەی عێراق لەدوای ٢٠٠٣وە داویەتی، شكستێكە هیچی لە شكستی ئەمریكا لە شەڕی ڤێتنام كەمتر نییە**

**ئەگەر رێگەیان نەدابایە میلیشیاكانی حەشدی شەعبی هێرش بكەنە سەر كوردستان، ئایا نفووز و پێگەی ئەمریكا لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەمجۆرە دەبوو كە ئێستا بوونی هەیە، یان جارێكی دیكە وەك سەردەمی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش، عێراق دەبووەوە ئەو پێگە گرنگە بۆ ئەمریكا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كە دەیتوانی كۆنتڕۆڵی كێشەكان بكات؟**



د.ڤالا فەرید
پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی بۆ گوڵان:

# لە خولی چوارەمدا پەرلەمان دژایەتیی حکومەتی دەکرد بۆیە سەرکەوتوو نەبوو

# بەشی زۆری ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لە خولی چوارەم پێشکەش کراون و تەواو نەکراون، مەرجی بوون بە یاسایان تێدا نییە

**خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بە یەکێك لە خولە خراپ و سەرنەکەوتووەکانی پەرلەمانی کوردستان دادەنرێت، هەر بۆیە خەڵکی کوردستان چاویان لەوەیە کە لە خولی پێنجەمدا هەڵەکانی خولی چوارەم راست بکرێتەوە و پەرلەمان ببێتەوە بەو پەرلەمانە سەقامگیر و ئەکتیڤەی کە بتوانێت یاسا دەربکات و لە نزیکیشەوە چاودێریی حکومەت بکات بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی. د.ڤالا فەرید کە سەرۆکی لیژنەی یاسایی خولی چوارەمی پەرلەمان بووە و لەم خولەشدا جارێکی دیکە بۆ پەرلەمانتاری هەڵبژێردراوەتەوە، لەم دیمانەی گوڵاندا و لە وەڵامی پرسیارەکاندا هەندێك لایەنی گرنگی روون کردۆتەوە کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی پەرلەمان لە خولی چوارەمدا سەرکەوتوو نەبێت.**

*** فراکسیۆنی پارتی کە خاوەنی ٤٥ کورسیی پەرلەمانە گەورەترین فراکسیۆنی ناو پەرلەمانە، پێشبینی و دیدوبۆچوونی ئێوە بۆ ئەدای پەرلەمان لە خولی پێنجەمدا چییە؟**

- ئێمە زۆر بە گەشبینییەوە سەیری رۆڵی پەرلەمان لە خولی پێنجەم دەکەین و لەو باوەڕەدام زۆر لە خولی چوارم باشتر دەبێت و دەتوانێت بە رێگەی دەرکردنی یاساکانی پەیوەست بە خزمەتگوزاریی زیاتر خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات و سەرکەوتوو بێت لە کارەکانیدا، لەم خولەدا لەبەر ئەوەی ژمارەی کورسییەکانی فراکسیۆنی پارتی زیادی کردووە، ئەوا بێگومان ئەرکەکانیشی زیاتر و قورستر دەبن و دەتوانێت لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خزمەتی زیاتر بە خەڵکی بکەن.

*** ئایا ئێوە وەك فراکسیۆنی پارتی کۆبوونەوەتان لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی کردووە بۆ ئەوەی بزانن دیدوبۆچوونی پارتی بۆ کاری خولی پێنجەمی پەرلەمان چییە؟**

- ئێمە تەنیا لە ناو فراکسیۆنی خۆماندا کۆبوونەوەمان کردووە، دیدوبۆچوونی پارتی نەك هەر بۆ ئەم خولە، بەڵکو بۆ هەر چوار خولەکەی پێشووی پەرلەمان روون و ئاشکرا بووە، پارتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە پەرلەمان ئەکتیڤ بێت و ئەرکەکانی خۆی کە بریتین لە یاسادانان و چاودێریکردنی حکومەت و پەسەندکردنی بودجە بە باشی جێبەجێ بکات.

*** هەندێك خەڵك باس لەوە دەکەن ئەو ناسەقامگیرییەی پێشتر لە کاری پەرلەمانی کوردستاندا هەبووە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیستمی هەڵبژاردن کراوەیە، کە ناتوانرێت پێوەری گرنگ بۆ پەرلەمانتار دابنرێت، ئایا پێتوایە یاسای هەڵبژاردنی کوردستان پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە؟**

**پارتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە پەرلەمان ئەکتیڤ بێت و ئەرکەکانی خۆی کە بریتین لە یاسادانان و چاودێریکردنی حکومەت و پەسەندکردنی بودجە بە باشی جێبەجێ بکات**

**کەرتی تەندروستی و تەنانەت کەرتی پەروەردە، یاساکانیان یاسای ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوون و بە مەنزوورێکی سۆشیالیستییانە نووسراون و پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە**

**یاسای پارتە سیاسییەکانیش وەک هەر یاسایەکی دیکە رەنگە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەبێت، بۆ ئەوەی هاوشانی گۆڕانگارییەکانی کۆمەڵگە بڕوات**

- هەتا ئێستا نازانرێت ئەم یاسایە هەموار دەکرێتەوە و دەکرێتەوە بە شێوازی هەڵبژاردنی داخراو، یان نە، بەڵام وەك رای کەسی خۆم نەك رای پارتی، یان فراکسیۆن، کەسانی دەستەبژێر و پسپۆڕ زۆر کەم دەتوانن لە چوارچێوەی شێوازی هەڵبژاردنی کراوەدا سەرکەوتوو بن و بێنە ناو پەرلەمان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەشی زۆری دەنگدەری کوردستان لەسەر بنەمای سۆز دەنگ دەدەن و دەنگ دەدەن بەو هونەرمەند و راگەیاندکارانەی کە زیاتر دەردەکەون و کەمتر دەنگ بە کەسێکی پسپۆڕ، یان مامۆستایەکی زانکۆ دەدەن، بۆیە پێموایە بۆ ئێستا لەوانەیە باشترین چارەسەر ئەوە بێت کە سیستمەکە بکرێت بە نیمچە کراوە، واتە ٥٠٪ کراوە بێت و پەرلەمانتارەکان راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە دەنگیان پێ بدرێت، ٥٠٪ی دیکەشی حزب خۆی خەڵکانی پسپۆڕ و تایبەتمەند دەستنیشان بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لیژنەکانی پەرلەمان پێویستیان بە خەڵکانی پسپۆڕ و تایبەتمەند لە هەموو بوارەکاندا هەیە، بەم شێوازەش دەتوانرێت هاوسەنگی لەنێوان هەردوولادا رابگیرێت.

*** بۆچوونێك هەیە كە پێیوایە یاسای پارتە سیاسییەکان پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، ئایا بە رای تۆ تاچەند ئەمە پێویستە؟**

- هەموو یاسایەك رەنگدانەوەی ئەو کاتەیە کە یاسایەکەی تێدا دەرکراوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە و ژیانیش بەردەوام لە پێشکەوتندایە و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەوا ئەم گۆڕانکارییە کاریگەری لە سەر حزبەکانیش دەبێت و ئەوانیش بەشێکن لەم کۆمەڵگەیە، هەر بۆیە یاسای پارتە سیاسییەکانیش وەك هەر یاسایەکی دیکە رەنگە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەبێت، بۆ ئەوەی هاوشانی گۆڕانگارییەکانی کۆمەڵگە بڕوات.

*** لە خولی پێشووشدا کارت لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کردووەو ئاگاداری ئەو پرۆژە یاسایانەیت کە لە خولی پێشوو نەتاتنوانیوە دەنگی لەسەر بدەن، ئایا ئەو پرۆژە یاسایانە چین کە دەبێت لەم خولەدا پەلەی لێ بکرێت؟**

- من لە خولی پێشوودا سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان بووم، بەشێکی زۆر لە پرۆژە یاساکان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەر پرۆژە یاسایەك خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، یاسایەکی دروست بێت، یان پێویست بن کە ببن بە یاسا، ئەو حاڵەتە خراپەی خولی چوارەم دروستی کرد، ئەوە بوو پەرلەمان لەلایەك بوو، حکومەت لەلایەکی دیکە بوو، پەرلەمان دژایەتیی حکومەتی دەکرد، بۆیە کاتێك پەرلەمان دەتوانێت سەرکەوتوو بێت کە هاوکار و هەمانگ بێت لەگەڵ حکومەتدا، بەڵام کاتێك پەرلەمان دژایەتیی حکومەت بکات و بە دوژمنی خۆی بزانێت، ئەوا ئەو پەرلەمانە بە هیچ جۆرێك سەرکەوتوو نابێت، ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە خولی چوارەم سەرکەوتوو نەبوو. هەر بۆیە ئەو کەلێنە گەورەیەی پەرلەمان لەگەڵ حکومەت دروستی کرد، لەلایەك بووە هۆکاری ئەوەی نەتوانێت ئەدای خۆی بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات، هەمیش هاووڵاتیان زەرەریان کرد. لەم چوارچێوەیەدا پەرلەمان دەستی بۆ یاسای ئەوتۆ دەبرد کە ناتوانێ وەك پەرلەمان بە بێ هاوکاریی حکومەت دەستیان بۆ بەرێت، هەر بۆ نموونە پەرلەمانتار بۆی نییە بە بێ رەزامەندیی حکومەت پرۆژە یاسایەك بۆ زیادکردنی مووچە پێشکەش بکات، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە یاسایانە شێوازێکی داراییان هەیە و پەیوەستن بە حکومەت و بودجەکەی بەردەستی، بۆیە ئەگەر حکومەت ئەو ئیمکانیەتەی لەبەر دەست نەبێت، ئەو یاسایە ئاستەنگ بۆ حکومەت دروست دەکات، لێرە ئەگەر وەك نموونە باس لە پەرلەمانی بەریتانیا بکەین، دەبینین ٩٠٪ی ئەو یاسایانەی کە دەریدەکەن لە حکومەتەوە بۆیان دەنێردرێت، بۆیە کە یاساکان دەردەکەن، حکومەت بە رێکوپێکی و سەرکەوتوویی جێبەجێیان دەکات. بەو پێیەی من سەرۆکی لیژنەی یاسایی بووم لە خولی پێشوو، راستە پرۆژە یاسای زۆر ماونەتەوە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەو پرۆژە یاسایانە مەرجی بوون بە یاسایان تێدا نییە.

*** کارێکی زۆرتان لەسەر پرۆژەی چاکسازیی ئیداریی بنەڕەتی کردووە، ئەم پرۆژەیە، پرۆژەیەکی هاوبەشی پەرلەمان و حکومەت بووە، ئایا ئەم پرۆژەیە لەم خولەدا**

**دەبێتە یاسا بۆ ئەنجامدانی ئەو چاكسازییانەی كە پێویستن لە حكومەتدا بكرێن؟ ئایا ئەو بوارە گرنگانەی ئەم پرۆژە یاسای چاكسازییە دەیگرێتەوە چین؟**

- تەنیا پرۆژە یاسایەك كە زۆر بەپەرۆش بووم بۆی و لە خولی چوارەم نەتوانرا بكرێت بە یاسا، پرۆژە یاسای چاكسازیی كارگێری بوو كە لەلایەن حكومەتەوە نێردرابوو بۆ پەرلەمان، ئەم پرۆژەیە ئەگەر ببوایە بە یاسا، دەتوانرا بەم یاسایە چارەسەری خەڵكی نایاسایی بكەیت، هەروەها دەتوانرا چارەسەری پاشەكەوتی فەرمانبەران بكرێت و مووچەكەیان ئاسایی ببێتەوە، لەمەش زیاتر لە رێگەی ئەم یاسایەوە زۆر كێشەی گەورە چارەسەر دەكران، بەڵام چەند لایەنێك كە پێویست ناكات ناویان بهێنم و خەڵكی كوردستان خۆیان باش دەزانن، ئاستەنگیان دروست كردو نەیانهێشت ئەو یاسایە تێپەڕێندرێت.

*** تاچەند پەرلەمان لە گەڵاڵەكردنی ئەو پرۆژەیەدا هاریكاری حكومەت بوو، چونكە هەندێك وەك پرۆژەی هاوبەشی پەرلەمان و حكومەت ناوی دەبەن؟**

- ئەو پرۆژەیە تەنیا پرۆژەی حكومەت بوو، پەرلەمان لە خولی چوارەمدا زۆر زۆر باسی چاكسازی دەكرد، بەڵام نەیتوانی پرۆژەیەك ئامادە بكات، بۆیە باشترین پرۆژەی چاكسازی كە حكومەت توانی پێشكەشی بكات، ئەم پرۆژەیە بوو كە هاتە پەرلەمان و خوێندنەوەی یەكەم و دووەمی بۆ كرا، بەڵام نەتوانرا بكرێت بە یاسا، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم یەكێك لە كارە هەرە لە پێشەكانی فراكسیۆنی پارتی لە خولی پێنجەمدا هەوڵدان دەبێت بۆ دەركردنی یاسای چاكسازیی كارگێری، بەمەش پاشەكەوتی مووچەی فەرمانبەران كۆتایی دێت و ئەو بارودۆخە نایاساییەش كۆتایی دێت كە بەشێك لە خەڵك هەتا ئێستا لێی سوودمەند بوون.

*** هەمواركردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر كارێكی دیكەی خولی پێشووی پەرلەمانەو ئەویش دەنگی لەسەر نەدراوە، ئایا گرنگیی ئەم یاسایە بۆ ئێستای هەرێمی كوردستان چییە و تاچەند زەرورە پەلە لە هەمواركردنەوەی بكرێت؟**

- ئەم یاسایە دەنگی لەسەر دراوە لە ئێستادا یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر كە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسایەكی بەركارە و جێبەجێ دەكرێت، سەبارەت بەم یاسایە هەندێك پێشنیار هەبوو بۆ هەمواركردنەوەی هەندێك لە ماددە و بڕگەكانی بە دیاریكراوی، ئەم پێشنیارانە لەبەر چاوگیراون و هەندێك دەستەواژە هەیە سەبارەت بە (ئەشكەنجەدان) نووسراوە، (لایجوز التعذیب) ئەم دەستەواژەیە بۆ (ئەشكەنجەدان) ناگونجێت و دەبێت بگۆڕێت بۆ (یمنع التعذیب) یان (یحرم التعذیب)، هەندێك لەم شتە وردانە چاككردنەوەی دەوێت، بەڵام ئەگەر بڵێین یاساكە كەموكورتی زۆری تێدایە، نەخێر، كەموكورتی زۆری تێدا نییە، بەڵام هەندێك لە فراكسیۆنەكان و بەتایبەتی ئیسلامییەكان پرۆژەیەكیان بۆ هەمواركردنەوەی یاساكە پێشكەش كردبوو و داوایان كردبوو كە ماددەكانی (١و٢و٣و٤)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لابرێت، ئەمەش وەك ئەوەیە بەشێوەیەكی گشتی یاساكە نەمێنێت و رەتبكرێتەوە، ئەمەش نابێت كە ئێمە یاسایەكمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر نەبێت. دیارە هەموو لایەك دەزانن، لە ئێستا و بە فەرمانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەر دەوڵەتێك ئەندامی نەتەوە یەكگرتووەكان بێت، دەبێت یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری هەبێت، عێراقیش یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری هەیە، هەرێمی كوردستانیش كە بەشێكە لە عێراق و خاوەنی پەرلەمانی خۆیەتی و مافی خۆیەتی یاسای تایبەتی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەبێت، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراقدا بە رێژەی ٩٠٪ مافەكانی مرۆڤی پێشێل كردووە، بەڵام لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری هەرێمی كوردستاندا بە زەقی نابیندرێت كە مافەكانی مرۆڤی پێشێل كردبێت، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیەمان ئەوەیە كە تیمەكانی یونامی راپۆرتی خۆیان لەسەر یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری هەرێمی كوردستان نووسیوە و بۆیان ناردووین، تەنیا ١٣ تێبینییان هەبووە كە ٩ تێبینییان ستایشی یاساكە دەكەن و چوار تێبینییەكەی دیكەشیان داوایان لێكردین پێناسەی تیرۆر

**یەكێك لە كارە هەرە لە پێشەكانی فراكسیۆنی پارتی لە خولی پێنجەمدا هەوڵدان دەبێت بۆ دەركردنی یاسای چاكسازیی كارگێری، بەمەش پاشەكەوتی مووچەی فەرمانبەران كۆتایی دێت و ئەو بارودۆخە نایاساییەش كۆتایی دێت كە بەشێك لە خەڵك هەتا ئێستا لێی سوودمەند بوون**

**هەندێك لە فراكسیۆنەكان و بەتایبەتی ئیسلامییەكان پرۆژەیەكیان بۆ هەمواركردنەوەی یاساكە پێشكەش كردبوو و داوایان كردبوو كە ماددەكانی(١و٢و٣و٤)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لابرێت، ئەمەش وەك ئەوەیە بەشێوەیەكی گشتی یاساكە نەمێنێت**

**یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراقدا بە رێژەی ٩٠٪ مافەكانی مرۆڤی پێشێل كردووە، بەڵام لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری هەرێمی كوردستاندا بە زەقی نابیندرێت كە مافەكانی مرۆڤی پێشێل كردبێت**



**پرۆژە یاسای مافی نەخۆش یەکێک بوو لەو پرۆژە یاسانەی کە لە خولی چوارەم پێشکەشی پەرلەمان کرا و، لیژنەی تەندروستی راپۆرتی خۆیان لەسەر نووسی و پاشان بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەڵام بەداخەوە کات نەبوو بۆ ئەوەی بیکەین بە یاسا**

فراوان بکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ ستاندەری نێودەوڵەتی بگونجێت، ئەم فروانکردنەش لەبەر ئەوەیە کاری تیرۆریستی بەردەوام لە گۆڕاندایە، تیرۆریستان شێوازی نویێ دەگرنەبەر بۆ ئەنجامدانی کارە تیرۆریستییەکانیان، بۆیە دەبێت بەردەوام پێناسەی تیرۆر فراوان بکرێت بۆ ئەوەی ئەو شێوازە نوێیانەش بگرێتەوە.

*** یاسایەکی دیکە کە کارتان لەسەر کردووە، یاسای مافی نەخۆشە، ئایا ئەم یاسایە تەنیا نەخۆش وەك تاك دەگرێتەوە، یان بوارەکانی دیکەی چاودێریی تەندروستیی تاکیش دەگرێتەوە؟**

- پرۆژە یاسای مافی نەخۆش یەکێك بوو لەو پرۆژە یاسانەی کە لە خولی چوارەم پێشکەشی پەرلەمان کرا و، لیژنەی تەندروستی راپۆرتی خۆیان لەسەر نووسی و پاشان بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەڵام بەداخەوە کات نەبوو بۆ ئەوەی بیکەین بە یاسا، ئەم یاسایەش تەنیا تایبەتە بە مافی نەخۆش لەو کاتەی دەچێتە نەخۆشخانە بۆ چارەسەروەرگرتن هەتا لە نەخۆشخانە دێتە دەرەوە و چاك دەبێتەوە و هیچ بوارێکی دیکە ناگرێتەوە.

*** ئەی یاساکانی دیکەی بواری کەرتی تەندروستی پێویستیان بە هەموارکردنەوە نییە؟**

- کەرتی تەندروستی پێویستی بە دەرکردنی یاسای نویێ و هەموارکردنەوەی هەموو یاسا کۆنەکان هەیە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەوە بڵێم کەرتی تەندروستی و تەنانەت کەرتی پەروەردە، یاساکانیان یاسای ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوون و بە مەنزوورێکی سۆشیالیستییانە نووسراون و پێویستیان بە






هەمواركردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی هاوشانی ئەو گۆڕانكاری و پێشكەوتنانە بن كە لە ئێستادا روویانداوە و لەگەڵ سیستمی نوێی جیهاندا بگونجێن.

*** لەبواری كاری راگەیاندن ئاشكرایە فەوزایەكی گەورە هەیە، پسپۆڕان پێیانوایە دەبێت ئەم فەوزایە بە یاسا رێكبخرێتەوە، ئایا بەرنامەیەكی ئەوتۆتان لەبەر دەستە كە كار بۆ یاسایەكی لەو جۆرە بكات؟**

- ئەمەش پرسێكی گرنگە و فەوزای راگەیاندن زۆر زۆر بووە، من یەكێكم لەو پەرلەمانتارانەی كە لە ماوەی خولی پێشووی پەرلەماندا زۆر كەم قسەم بۆ راگەیاندن كردووە، لەبەر ئەوەی شێواندێكی زۆر بۆ قسەو لێدوانەكان دەكرێت، بۆیە من پێموایە راگەیاندن لە كوردستاندا راگەیاندێكی بەرپرسیار نییە.

*** سەبارەت بەو پرۆژەی حكومەت كە بۆ كەمكردنەوەی وەزارەتەكانی كابینەی نۆیەم ئامادەی كردووە، هەندێك دەڵێن تا دوو ساڵ ئەو پرۆژەیە جێبەجێ ناكرێت لەبەر ئەوەی پێویستی بە یاسای نوێ هەیە، ئایا ئەو ماوەیەی پێویستە؟**

- ئەمە هەم پێویستی بە یاسایە و هەمیش پێویستی بە هەمواركردنەوەی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، بۆ ئەم پرسە حكومەت هەوڵی خۆی داوەو بەرنامەی خۆی هەیەو پرۆژەكەیان ئامادە كردووە، بۆیە هەر كاتێك ئەو پرۆژەیە بنێرێتە پەرلەمان خوێندنەوەی یەكەم و دووەمی بۆ دەكرێت و دەكرێتە یاسا و دەكەوێتە بواری جێبەجێكردنەوە، سەبارەت بەم پرسە من گەشبینم بەوەی بە زووترین كات ئەو پرۆژەیە دەكرێتە یاسا.

**یەكێكم لەو پەرلەمانتارانەی كە لە ماوەی خولی پێشووی پەرلەماندا زۆر كەم قسەم بۆ راگەیاندن كردووە، لەبەر ئەوەی شێواندێكی زۆر بۆ قسەو لێدوانەكان دەكرێت، بۆیە من پێموایە راگەیاندن لە كوردستاندا راگەیاندێكی بەرپرسیار نییە**



# کۆمەڵگای کوردی- ڕەوتی گۆڕان و گەشەکردنی!



د. ڕەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



ژیانی مرۆڤایەتی، هەر لە سەرەتاوە، لەسەر بنچینەی کۆمەڵبوون بنیادنراوە. ئەو کۆمەڵبوونە مرۆییانە لە ماوەی گەشەکردن و گەورەبوونیاندا و بە مەبەستی داهێنانی هاوکاری و هەرەوەز لە نێوان ئەندامەکانیان جۆرەها پەیوەندییان فەراهەمکردوون، وەکو: پەیوەندیی خێزانی (خوێن)، خزمایەتی، دۆست و برادەرایەتی، ئابووری، سیاسی...هتد کە هەرهەموویان بە چەمکی «پەیوەندیی کۆمەڵاتی» ناودێر دەکرێن. گەورەبوون و زێتر گەشەکردنی کۆمەڵبوونە مرۆییەکان و پتەوبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێویان و دامەزراندنی چەندین دەزگای تایبەت بەو پەیوەندییانە، جۆرێك لە ڕێکخستنی فەراهەمکرد کە تیایدا هەر تاکەکەسێك لەنێو کۆمەڵبوونی خۆیدا پلە و پایە و ئەرك و دەوری بۆ دروستبوو و توند پێیانەوە پابەندبوو — جا ئەو ڕێکخستنەیە کە بە چەمکی «کۆمەڵگا» گوزارشتی لێدەکرێ.

لەم ڕووەوە، کەواتە، کۆمەڵگا بریتییە لە: پێکهاتەیەکی مرۆیی-کۆمەڵایەتی بەشێوەی سستەمێکی ئاڵۆزی پەیوەندیی تێکچڕاو لەنێوان تاکەکان و هەروەها لەنێوان گرووپەکاندا لەسەر بنچینەی بەها و باوەڕ و پێوەری هاوبەشیاندا.

بەها و باوەڕ و پێوەری هاوبەش، واتە هەموو ئەندامانی ئەو پێکهاتە مرۆییە ڕێکن لەسەر پاراستنی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکەیان (کۆمەڵگا)؛ بە گوتەیەکیتر، بەها و باوەڕ و پێوەرەکان بەشێکن لە کولتوور کە هەر ئەمیشە، واتە کولتوور، چاودێری و کۆنترۆڵی کۆمەڵگا دەکات و ژیانی کۆمەڵایەتیی بەڕێوەدەبات.

کولتوور — بریتییە لە هەموو ئەو خۆراك، جلوبەرگ، خانوو، کەرەستە، کەلوپەل و ئامێرانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە بەکاردێن و پێیاندەگوترێ (کولتووری ماددی)؛ هەروەها زمان، بەها و داب و نەریت، ئایین، فۆلکلۆر، هونەر و زانست، کە ئەمانیش هەمووکاتێك بەکاردەبرێن، کولتووری گیانین.

دەزگای کۆمەڵایەتی- ئەو پێکهاتە ڕێکخراوە نافەرمییانە دەگرێتەوە کە ئەرکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکەن، وەکو: خێزان- یەکەمین و گرنگترین دەزگای کۆمەڵایەتییە کە تیایدا پەیوەندیی خوێن لەنێوان ئەندامانی دروست دەبێ و سستەمی کۆمەڵایەتیی لەسەر بنیاد دەبێ؛ هەروەها دەزگای ئایینی (پیاوانی ئایینی و مزگەوت و کلیسا و دێر و حوجرە و تەکیە وخانەقا...)؛ دەزگای ئابووری (پیشە، بازاڕ)؛ دەزگای سیاسی (کۆمەڵە و ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان)؛ دەزگای ڕۆشنبیری و هونەری...

دەزگای کۆمەڵایەتیی فەرمیش، ئەمانەن کە لە کۆمەڵگای ڕێکخراوی ئاستی بەرزدا هەن، وەکو: دەزگای دەسەڵات، دەزگاکانی پەروەردە، تەندروستی، ئایینی، ئابووری، جەنگی و...

## ● کۆمەڵگای کوردی

کۆمەڵگای کوردیش لەم ڕێسایە بەدەر نییە. پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی پتەو ئەندامانی بەیەکەوە بەستوون، بۆ ئەمەش دەزگای کۆمەڵایەتیی (فەرمی و نافەرمی) جۆراوجۆری هەن: خێزان، خزمایەتی، دۆستایەتی؛ دەزگای ئایینی (پەرستگا- مزگەوت و کەنیسە و مەزارگا. تەکیە و خانەقا، پیاوانی ئایینی، قوتابخانەی ئایینی...)؛ سیاسی (دەسەڵات و دەزگاکانی، حیزبی سیاسی...)؛ ئابووری (بازاڕ، پیشە، کەسابەت...)؛ ڕۆشنبیری (کۆمەڵە و یەکێتی و ڕێکخراوەکان...)...هتد.

بە ڕێگەی ئەو پەیوەندی و دەزگایانەوە، لە کۆمەڵگای کوردیدا، جۆرێك لە ژیانی هاوبەشی ئەندامانی بەڕێوەدەچێ کە تیایدا هەر تاکێك و هەر گرووپێك جێگە و پلە و دەور و ئەرکی دیاریکراوە و هەموویان پێکەوە ڕەوشێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتیان پێکهێناوە و داکۆکیی لەو ڕەوشە دەکەن و پەرەی پێدەدەن. کۆمەڵگای کوردی خاوەن کولتووری تایبەت بە خۆیەتی و پێکهاتووە لە هەردوو بوارەکانی ماددی و ڕۆحی؛ ماددی وەکو: خۆراك، خانوو، جلوبەرگ، کەلوپەلی ناو ماڵ، کەرەستە و ئامێرەکانی کارپێکردن، ئامێری مۆسیقا، خشڵ و کەرەستەی خۆڕازاندنەوە،...؛ و ڕۆحی (گیانی، مەعنەوی) وەکو: زمان، داب و نەریت، ئایین، بەها، ئەدەب و فۆلکلۆر، هونەر... هەموو ئەم توخمە کولتووریانەش بەشێوەی سستەمێك پێکەوە کاردەکەن و کۆنترۆڵی کۆمەڵگای کوردییان کردووە و ئەندامانیشی پێیانەوە پابەندن و

**مێژووی پڕڕووداو ، ڕەوشی نالەبار و هەمیشە ئاڵۆزی کۆمەڵگای کوردی ئاستێکی بەرزی توانا و بەهرە و لێهاتوویی دەخوازێ — ئەمانەش تەنیا بە پەرەدان بە مەعریفەی زانستیی هاوچەرخ فەراهەم دەبن**

**دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دامەزرانی هەرێمی کوردستان لە باشوور و دروستبوونی دەزگا دەوڵەتی و سیاسییەکانی ، هوشیاریی کۆمەڵایەتیی دانیشتوانی کوردی باشوور چەند هەنگاوێک پێشکەوت؛ بەڵام فشار و مەترسیی دەرەکی و دۆخی نالەباری ئابووری پێشیان بەو پێشکەوتنە گرت و جۆرەها گرفتی کارەسات ئامێزیان بۆ خەڵکی کوردستان داهێنا**

بەڕێگەیانەوە ژیانی کۆمەڵایەتییان بەڕێوەدەبەن.

کۆمەڵگای کوردی تا گەیشتووە بە شێوە و ئاستی ئێستاکەی بە چەندین قۆناغی پێشکەوتندا تێپەڕیوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین جاران، لە کوردەواریدا، ژیانی کۆمەڵایەتی بەجۆرێکی ڕەها لەسەر پەیوەندییەکانی خوێن و خزمایەتی و هاوکاریی خێڵەکیی دامەزرابوو؛ دواتر، لە ڕەوتی گۆڕان و گەشەکردندا پەیوەندیی شێوەیتر سەریان هەڵدا وەکو: پەیوەندیی ئابووری و سیاسی و جەنگی، ئەمەش بەتایبەتی لە ڕۆژگارەکانی دروستبوونی میرنشینە کوردییەکان، هەر لە سەدەکانی یازدە و دوازدەی زایینەوە: ئەردەلان، دۆستەکی، جزیرە، بۆتان، بابان، سۆران... کە ئەمانە لە ڕاستیدا گەلێ لە سیماکانی دەوڵەتییان هەبوون — لەم ڕۆژگارانەدا، ئەگەرچی خێڵ و پەیوەندییە خێڵەکییەکان دەوریان هەر بینیووە، بەڵام چیتر تاقە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتییان پێك نەدەهێنا... چونکە لە بارودۆخێکی سەقامگیریی ڕێژەییدا پەیوەندی و دەزگای کۆمەڵایەتیی تازە هاتنە کایەوە: دەزگای دەوڵەتی و دیپلۆماسی، ئابووری، جەنگی، ڕۆشنبیری... لە قەوارەی هەر یەك لەو دەوڵەتە میرنشینییە کوردیانەدا ئەم پێشکەوتنانە بەدیی دەکران: گەشەکردنی ژیانی ئابووری (کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێوکردن و پیشە و سەنعەتکاری)، گەورەبوونی شار و دروستبوونی شاری پایتەخت، دامەزراندنی دەزگا دەوڵەتییەکان، بەڕێوەبردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی، بووژانەوەی ژیانی ڕۆشنبیری و دەرکەوتنی چەندین زانای ئایینی و نووسەر و مێژوونووس و شاعیری ناودار...

بەم جۆرە، ژیان و ڕەوشی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا گۆڕانی بەرچاوی بەخۆوە بینی و چەندین هەنگاو بەرەو پێشەوە چوو، ئەگەرچی هۆکاری دەرەکی و ڕووداوەکان لە ناوچەکەدا هەمیشە ڕێگربووین لەبەردەم پێشڤەچوونێکی ئاساییانەی ژیانی کوردەواریدا. ئەم ڕەوشە تاکو نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمی خایاند؛ دوای ئەمە و لەناوچوونی دەوڵەتە میرنشینەکان — قۆناغی شۆڕش و ڕاپەڕین و بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد دەستپێکرد (شێخ عوبەیدوللای نایری، بەدرخانییەکان، عەبدوسەلام بارزانی، شێخ مەحموودی حەفید...). لەم قۆناغەشدا دەکرێ بەڕوونی نیشانەکانی دروستبوون و گەشەکردنی هوشیاریی نەتەوەیی کورد بەدیی بکەین و ئەمەش ڕەنگی دایەوە لە ناو کۆی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی هەموو بەشەکانی کوردستاندا، کە دوای جەنگی یەکەمی جیهان ١٩١٤- ١٩١٨ ئیتر بوو بە چوار بەشەوە و هەر بەشێکی کەوتە نێو قەوارەی دەوڵەتێکی ناوچەکەوە (تورکیا، ئێران، عیراق و سووریا).

ئەم هەلومەرجە کۆمەڵگای کوردیی پەڕاندەوە بۆ قۆناغێکیتری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کە تیایدا پەیوەندیی نەتەوەیی ئەندامانی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دروستبوونی حیزبی سیاسی دەوری سەرباشقەیان بینی و دەرئەنجام لەو قۆناغەدا دوو هەوڵی دامەزراندنی کیانی سیاسیی کورد بەڕێوەچوون (حکومەتی شێخ مەحموود ساڵی١٩١٩ لە باشوور و کۆماری مەهاباد ساڵی ١٩٤٦ لە ڕۆژهەڵات) کە ئەگەر سەرکەوتووبان، ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کورد بەرەوە پێشکەوتنی زێتر دەچوو.

پرسی نەتەوەیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، تەواوی ڕەوشی کۆمەڵایەتیی بەخۆوە گرێدا، بەڕادەیەك ژیانی خێزانی، گوند، شار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا بەگشتی پابەندی ئەو لایەنە گرنگەی ژیانی کۆمەڵایەتیی بووین کە ئەویش لایەنی نەتەوەییە. لە هەلومەرجێکی وادا، دەتوانین بڵێین هوشیاریی نەتەوەیی کورد بەڕادەیەکی زۆر گەشەی سەندووە، هەرچەندە لەپاڵ ئەمەشدا پەیوەندیی خزمایەتی و هوشیاریی ئایینی لە کۆمەڵگای کوردیدا هێشتا هەر لە پێشەوەترن.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دامەزرانی هەرێمی کوردستان لە باشوور و دروستبوونی دەزگا دەوڵەتی و سیاسییەکانی، هوشیاریی کۆمەڵایەتیی دانیشتوانی کوردی باشوور چەند هەنگاوێك پێشکەوت؛ بەڵام فشار و مەترسیی دەرەکی و دۆخی نالەباری ئابووری پێشیان بەو پێشکەوتنە گرت و جۆرەها گرفتی کارەسات ئامێزیان بۆ خەڵکی کوردستان داهێنا (باری ئەمنی ناسەقامگیر، ترس و دڵەڕاوکێ، شەڕی نێوخۆ...). پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و

**لە کوردستاندا ، لەبەر کێشە نەتەوەییە لەمێژینەکەی کورد، هوشیارییەکی نەتەوەیی بەرچاو لە ئارادایە، ئەگەرچی تیایدا مەعریفەی زانستی هێشتا نەگەیشتووە بە پلەی شیاوی خۆی**

**ئەگەرچی مەعریفەکانی گەلەکی (میللی) و ئایینی ئێستاش زاڵن بەسەر هوشیاریی کۆمەڵایەتیی کوردەواریدا، بەڵام دیاریشە کە ئەوا مەعریفەی زانستی هەنگاوی باش دەنێ بۆ کردنەوەی جێگای شیاوی خۆی لەناو هوشیاریی کۆمەڵایەتیدا**

داگیرکردنی عیراق ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمەریکاوە، ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی هەرێمی کوردستان ئاراميیەکی زۆری بەخۆوە گرت و کۆمەڵگای کوردی لەم بەشەی کوردستاندا بەهۆی کرانەوەی بەرەو جیهانی دەرەوە لەگەڵیٚ ڕووەوە گەشە و گۆڕانی بەسەردا هات؛ کەچی ئەم جارەش، وەکو هەمیشە، فشار و هەڕەشەی دەرەکی (سیاسەتی حکومەتی عیراقی و هێرشی داعش ساڵی ٢٠١٤) بوون بە کۆسپ لەبەردەم پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و جەنگیی لە هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵی ٢٠١٤دا تووشی تەنگژە و مەترسیی گەورە بوونەوە. ئاسەوارەکانی ئەم ڕەوشە نالەبارە و کاریگەرییەکانی وردەوردە، ڕەنگە، نەمێنن و ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا پێشڤەچوونی بەرچاو دەستەبەر بکات.

**فشار و هەڕەشەی دەرەکی (سیاسەتی حکومەتی عیراقی و هێرشی داعش ساڵی ٢٠١٤) بوون بە کۆسپ لەبەردەم پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و جەنگیی لە هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵی ٢٠١٤دا تووشی تەنگژە و مەترسیی گەورە بوونەوە**

بەگشتی، کۆمەڵگای کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، لە قۆناغی گۆڕان و وەرچەرخانێکی گەورە دایە. دەتوانین سەرنج بدەین کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو جاران نەماوون:

خێزان - قەبارەی تادێ بچووک دەبێتەوە، هاوسەرگیریی لەناو خزمان کەم دەبێتەوە، هاوسەرگیریی دوادەکەوێت و جیابوونەوەی هاوسەران زۆرتردەبێت و بەهەند وەرگرتنی ڕای کچ لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا بەردەوام لە زێدەبوون دایە...

خزمایەتی — هەژموونی جارانی نەماوە و بەهۆی فراوانبوونی بوارەکانی ژیان و لێک ترازانی خزمانەوە، بەتایبەتیش لە شار، بواری یەکتر بەسەرکردنەوە و پەیوەندیی بەردەوام تابڵێی کەم بۆتەوە... کۆچکردنی بەردەوام لە لادێیەوە بۆ شار ڕۆڵی گەورەی بینوە لە پەرتەوازەبوونی خزمان و لێک دابڕانیان...

خێڵایەتی - خێڵ وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستان، قەبارە و ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی بەڕادەیەکی زۆر سنووردار بووە. ئینتیمای تاکی کورد بۆ خێڵ، وەکو جاران، پلەی یەکەمی نییە، بەڵکو ئێستاکە ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی و بەڕادەیەکی زۆریش ئینتیمای حیزبی بە پلەی سەرەکیی دێن- ئینتیما بۆ خێڵ ئیمڕۆکە زێتر مەعنەوی و ڕەمزی (سیمبۆل)یە.

کولتوور - ژیانی کولتووری لە کۆمەڵگای کوردیدا بە ئەندازەیەکی زۆر گۆڕاوە. زمانی کوردی لە گۆڕان و پێشکەوتن دایە؛ ئێستاکە ڕەچاوی کۆمەڵێک لە داب و نەریتی کۆن ناکرێت بەتایبەتیش لە بواری ژنخواستن و هاوسەرگیریدا؛ گۆڕانی دەوری ئایین لە بوارەکانی پەیوەندی و سیاسەت و دەسەڵاتدا؛ بەکاربردنی خۆراك و جلوبەرگ و کەلوپەلی تازەی جودا لە جاران؛ بەکاربردنی تەکنۆلۆگیای سەردەم لە پەیوەندییەکاندا و بەو بۆنەیەشەوە بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی هەندێ لە بەهاکان (ئێستاکە باوک نازانێ کچەکەی بە مۆبایل قسە لەگەڵ کێ دەکات !)؛ زێدەبوونی دەور و کاریگەریی ڕاگەیاندن...

هوشیاریی کۆمەڵایەتی- کۆی ئاست و جۆرەکانی مەعریفە (مەعریفەی گەلەکی، مەعریفەی ئایینی، مەعریفەی زانستی، مەعریفەی فەلسەفی...) لە کۆمەڵگادا قەوارەیەکی مەعریفیی گشتیی هەستپێکراو دروست دەکات پێی دەگوترێ «هوشیاریی کۆمەڵایەتی». ئەگەرچی مەعریفەکانی گەلەکی (میللی) و ئایینی ئێستاش زاڵن بەسەر هوشیاریی کۆمەڵایەتیی کورددەواریدا، بەڵام دیاریشە کە ئەوا مەعریفەی زانستی هەنگاوی باش دەنێ بۆ کردنەوەی جێگای شیاوی خۆی لەناو هوشیاریی کۆمەڵایەتیدا- نیشانە هەرە بەرچاوەکانی ئەمەش هەوڵدانە بۆ چاکترکردنی ڕەوشی پەروەردە لە کوردستان [زیادبوونی ژمارەی قوتابخانەی ئەهلی و زانکۆ و پەیمانگاکان، هەروەهاش زێدەبوونی بەردەوامی ئارەزوومەندان بۆ درێژەدان بە خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستیی باڵا].

هوشیاریی نەتەوەیی- ئاستێکی بەرزی هوشیارییە کە بەهۆیەوە ئەندامانی کۆمەڵگا مەعریفەی زانستیی شیاویان دەبێ دەربارەی هەموو بوار و لایەنەکانی نەتەوەکەیان (زمان، خاك، مێژوو، کولتوور...)، هەروەها سەبارەت بە خواست و ئامانجە نەتەوەییەکانیان. هوشیاریی

نەتەوەیی، بەتایبەتی لە حاڵەتی پرس و کیشە نەتەوەییەکاندا، زاڵ دەبێ بەسەر توخم و رەگەزەکانیتری هوشیاریی کۆمەڵایەتی (ئایین، زانست، ئەدەب، هونەر...) و هەموو ئەوانە دەخاتە خزمەت پرس و ئامانجە نەتەوەییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا.

لە کوردستاندا، لەبەر کێشە نەتەوەییە لەمێژینەکەی کورد، هوشیارییەکی نەتەوەیی بەرچاو لە ئارادایە، ئەگەرچی تیایدا مەعریفەی زانستی هێشتا نەگەیشتووە بە پلەی شیاوی خۆی؛ بەتایبەتیش لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە بەشی باشووری کوردستان و بەم ساڵانەی دواییش لەباکوور و ئێستاش لە رۆژئاوا پرسی نەتەوەیی کورد و هوشیاریی نەتەوەیی «رێژەییانە» لە ئاستێکی باڵا دایە.

ئابووری- ئابووری کۆڵەگەی ژیانە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، کار و پیشە جۆراوجۆرەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا دەوری باڵا و سەرەکی دەبینن لە داڕشتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوور و سیستەمی کۆمەڵگا بەگشتی {سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایەك پیشەی سەرەکیی ئەندامەکانی کشتوکاڵی بێت، جیایە لە سیستەمی کۆمەڵگایەکیتر کە پیشەی ئەندامانی ئاژەڵ بەخێوکردن بێت، یان پیشەسازی، بازرگانی، راوەماسی...}.

چالاکیی ئابووری لە کوردستاندا، هەر لە کۆنەوە، بریتی بووە لە کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێوکردن و ئەو سەنعەتکاریانەی پەیوەست بەو دوو بوارەوە- کولتووری کوردیش هەر لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژراوە... بەڵام ئەم دوو چالاکییە ئابوورییەش ئێستاکە تا ئەوپەڕی سنووردار بوون، ئەویش لەبەر هۆکاری سیاسی و جەنگی و نێودەوڵەتی و هتد.

ئەگەرچی پیشەی سەرەکیی کورد هێشتاش هەر کشتوکاڵ کردنە، بەڵام دوای ساڵی ٢٠٠٣ و کرانەوەی کۆمەڵگای کوردی لە باشوور بەسەر جیهانی دەرەوە، بەتایبەتیش لە کاتی ئێستادا، بازرگانییەکی نێودەوڵەتیی بەرفراوان پیادەدەکرێ و وەبەرهێنان لە زۆربەی بوارەکان رەخساوە و بەگشتی بووژانەوەیەکی ئابووری رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە؛ بەم بۆنەیەشەوە، کەواتە، گەلێ لایەنی کولتووریی کورد لە باشوور دووچاری گۆڕان بووین.

گرفتە کۆمەڵایەتییەکان - لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەمیشە چەندین گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتیی سەرهەڵدەدەن کە کاریگەریی گەورەیان هەیە بەسەر ژیان و گوزەرانی ئەندامانی کۆمەڵگاوە بەگشتی. سیمای کۆمەڵایەتیی ئەم گرفتانە لەوە دایە کە پەیوەستن بە خەڵکەوە و، زۆر جاران، جۆر و شێوازی ژیانیان دادەڕێژن و، کەواتە، کاردەکەنە سەر تەواوی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە، بۆیەش پێویست بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان دەکات بۆ چارەسەر کردنیان.

گرفتەکۆمەڵایەتییە هەرە باو و کاریگەرەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا:

- هەژاری
- بێکاری
- خزمەتگوزاریی تەندروستی
- پەروەردە
- نیشتەجێبوون
- کۆچکردنی نێوخۆ و بۆ دەرەوەش
- هاتوچۆ و گواستنەوە و گەیاندن

...هتد.

ئەگەر سەرنج بدەین، بەروونی ئاسەوار و کاریگەرییەکانی هەریەك لەم بوارانەی سەرەوە دیار و هەستپێکراون بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستانەوە، بەرادەیەك کە دەسەڵاتی سیاسی گیرۆدەی هەوڵ و گەڕان بووە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان لە پێناو باشترکردنی رەوش و ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا لە کوردستانی باشووردا.

دەمێنێتەوە بڵێین کە راستە کۆمەڵگای کوردی لە رەوتی پێشکەوتن و گۆڕان دایە، پێشبینیی ئاسۆیەکی گەشتریش دەکرێ... لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆسەکە لەچاو ئەو مێژووە درێژەی ئەزموون و خەبات و تێکۆشانی کوردان هێشتا لەسەرخۆ و بێ پلان بەڕێوەدەچێ...

کۆمەڵگای کوردی لە رەوتی پێشکەوتن و گۆڕان دایە، پێشبینیی ئاسۆیەکی گەشتریش دەکرێ... لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆسەکە لەچاو ئەو مێژووە درێژەی ئەزموون و خەبات و تێکۆشانی کوردان هێشتا لەسەرخۆ و بێ پلان بەڕێوەدەچێ

مێژووی پڕڕووداو، رەوشی ناڵەبار و هەمیشە ئاڵۆزی کۆمەڵگای کوردی ئاستێکی بەرزی توانا و بەهرە و لێهاتوویی دەخوازێ — ئەمانەش تەنیا بە پەرەدان بە مەعریفەی زانستیی هاوچەرخ فەراهەم دەبن.



**ئایدن مەعروف**
**پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر لیستی بەرەی تورکمانی بۆ گوڵان:**

# پێویستە ئەو لایەنانەی بەشداری حکومەت دەکەن، بەرپرسیاریەتیی باش و خراپ لەئەستۆ بگرن

**ئاشکرایە کە گفتوگۆکانی نێوان حزبە سیاسیەکان بۆ پرسی پێکهێنانی کابینەی ٩ی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەرموگوڕیی زیاتر بە خۆیانەوە دەبینن، ئەم پرسە و پرسی چاوەڕوانی و ئومێدەکان لە پەرلەمانی ئێستا و لەو حکومەتەی پێکدەهێندرێت و بەشداری پێکهاتەکان تێیدا، بەتایبەتی پێکهاتەی تورکمان بوونە تەوەری گفتوگۆی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ ئایدن مەعروف ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی بەرەی تورکمانی.**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین چ خوێندنەوەیەکتان بۆ گرنگیی بەشداریی پێکهاتەی تورکمان لە پرۆسەی سیاسی و پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا هەیە؟**

- تورکمانەکان پێکهاتەو فاکتەرێکی گرنگن لە هەرێمی کوردستان کە بەشدارییان کردووە لە پرۆسەی سیاسی و بەشدارن لە پەرلەمانی کوردستان و هەبوونی ئێمە وەکو تورکمان لە هەموو روویەکەوە واتە لە رووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە بۆ کوردستان گرنگە. هەر بۆیە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی گرینگی بە تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان بدات، بۆ ئەوەی بتوانرێت پێکەوە ژیانێکی جوان دروست بێت کە لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی کوردستاندا بێت. ئێمە وەکو تورکمان بەشدارین لە پەرلەمان و لە پرۆسەی سیاسی و یاسادانان لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئەمجارە دەمانەوێت بەشێوەیەکی کاراتر بەشدار بین، تاوەکو بتوانین بە شێوەیەکی راستەقینە نوێنەرایەتیی خۆمان بکەین لە هەرێمی کوردستان. چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد، تورکمان پێکهاتەیەکی گرنگە لە کوردستاندا و هەمیشە لەگەڵ پێکەوەژیان و ئاشتیدا بووە لە کوردستاندا و هیچ کاتێك جێی مەترسی نەبوون لەسەر هەرێمی کوردستان و لەسەر عێراقیش. واتە هەموو کات لەگەڵ دیالۆگ و ئاشتیدا بووین. لە ئێستادا کە کابینەی ٩ی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنرێت، ئێمەش دەمانەوێت بە شێوەیەکی کارا بەشدار بین، واتە سەقامگیریی سیاسیی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە زۆر گرنگە و دەمانەوێت وەکو تورکمانیش بیپارێزین و لە حکومەت و پۆستە سیادییەکان و بڕیارە گرنگەکانیش بەشدار بین. بۆ ئەمەش داواکاری ئێمە ئەوەیە یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك وەزیران بۆ پێکهاتەی تورکمان بێت، کە ئەمە دەبێتە پاڵپشتێکی گەورە بۆ ئێمە. هەروەها داواکارین حکومەتێك لە هەرێمی کوردستان پێکبهێنرێت بە بەشداریکردنی هەموو حزبە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کوردستان، هەر یەکەو بەپێی ئەو دەرئەنجامەی لەهەڵبژاردن بەدەستی هێناوە. بەڵام نابێت، بەشداریکردنی پێکهاتەکان لەسەر بنەمای ژمارەی کورسیی

هەڵبژاردن بێت، چونکە بەشدارپێکردنی پێکهاتەکان (تورکمان و کلدان و ئاشووری و سریانی) بەپێی ئیستیحقاقی نەتەوەییە. کە ئەمە لە حکومەتی عێراقیش هەروایە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەمانەوێت وەزارەتێك، یان دەستەیەك لە حکومەتی ئەمجارەی هەرێمی کوردستان بۆ تورکمان و پێکهاتەکان هەبێت، بە ناوی کاروباری پێکهاتەکان کە بەمەش زیاتر سەقامگیریی سیاسی و پێکەوەژیان و ئاشتی لە هەرێمی کوردستان دێتەدی و گەشەدەکات.

*** کابینەکانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بنکەفراوان بوون و کێشەوگرفتیان زۆر بوو، تا ئاستێکیش دەتوانین بڵێین سەرکەوتوو نەبوون، هەر بۆیە ئاماژە و بەرنامەیەك لە هەرێمی کوردستان هەیە کە کابینەی ٩ی حکومەتی کوردستان بچووك دەکرێتەوە و بنکەفراوان نابێت، ئایا بەو جۆرە حکومەتی کوردستان کاراتر و بەهێزتر دەبێت و خەرجی دامودەزگاکان کەم دەبێتەوە؟**

- حکومەتی بنکەفراوان لە کابینەکانی رابردوو تاقی کراوەتەوەو سەرکەوتوو نەبووە و رووبەڕووی کێشەوگرفتی زۆر بووە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە حکومەتی بچووك دروست بکەین، کە یەك لایەن یان دوو لایەن لە حکومەتەکەدا بەشدار بن، بەڵکو حکومەتەکە دەبێت بە شێوەیەك بێت لەگەڵ رەوش و بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان بگونجێت، لەلایەکی دیکەوە هەندێ لایەن و حزب هەر لە سەرەتاوە ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیان راگەیاندووە، بەڵام پێموایە ئەو لایەنانەی دەیانەوێت لە حکومەت بەشدار بن، ئەوە پێویستە نەك تەنیا بەشدار بن، بەڵکو دەبێت شەریك بن و تا کۆتایی لەگەڵ حکومەتدا بن و بەرپرسیاریەتی باش و خراپ لەئەستۆ بگرن، چونکە بەشداریکردنی لایەنەکان بۆ بەهێزکردنی حکومەت و یەکڕیزیی لایەنەکانە. بۆیە بەشداریی لایەنەکان و لە نێویاندا پێکهاتەکان لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی کوردستاندا وادەکات، زیاتر سەقامگیریی سیاسی و ئاسایش و ئارامی و پێکەوەژیان و ئاشتی بۆ کوردستان بێتەدی، ئەمەش وادەکات حکومەتی کوردستان بەهێز بێت.

*** وەکو دەزانین بەهۆی ململانێ و موزایەداتی سیاسی لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان کێشەوگرفت زۆر بوو، سەقامگیریی سیاسیش نەبوو، ئایا ئەو بارودۆخە تا چەند کاریگەری لەسەر ئەدای پەرلەمان دروستکرد و تا چەند هۆکاری پەککەوتنی پەرلەمان بوو؟**

- بێگومان ئەو ململانێیەی لەناو پەرلەماندا هەبوو، کاریگەری دروست کردبوو، لە هەمان کاتدا ململانێی دەرەوەی پەرلەمانیش رەنگدانەوەی لەسەر پەرلەمان هەبوو. لە ئەنجامدا نەمانتوانی سەقامگیریی سیاسی دروست بکەین، نە لە پەرلەمان و نە لە دەرەوەی پەرلەمانیش. هەر بۆیە بۆ ماوەی دوو ساڵ پەرلەمان و پەرلەمانتاران نەیانتوانی کاری خۆیان جێبەجێ بکەن و نەتوانرا چەندین پڕۆژە یاسای گرنگ پەسەند بکرێت کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا بوون، یەکێك لەو پڕۆژە گرنگانە پڕۆژە یاسای چاکسازی بوو.

*** ئەم ئومێدو کارانە چین کە لەم خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەتانەوێت کاری لەسەر بکەن، بەتایبەتی ئەو پڕۆژە یاسایانە کامانەن کە لەبەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە و دەتانەوێت بیکەنە ئەولەوییەتی کاری پەرلەمان و تێیپەڕێنن؟**

- لەخولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان کێشەو گرفتی زۆر لەناو پەرلەمان هەبوو، جگە لەو ململانێ سیاسی و گرفتانە چەندین هۆکاری تریش هەبوو کە کاریگەری خراپی لەسەر کاری پەرلەمانی دروستکردبوو، وەکو:

یەکەم: شەڕی تیرۆریستانی داعش.

دووەم: قەیرانی دارایی و بڕینی بودجەو مووچەی خەڵکی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

سێیەم: تێکچوونی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا.

چوارەم: نەبوونی تەوافوق لەنێوان لایەن و حزبەکانی کوردستان.

پێنجەم: هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کە روویان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان کرد.

بۆیە پەرلەمانی کوردستان بەپێی پێویست کارا نەبوو. بەڵام چاوەڕوانی و ئومێدی ئەوە دەکرێت خولی ئەمجارەی پەرلەمان ئەو پڕۆژە یاسایانەی

**رێزدار نێچیرڤان بارزانی کەسایەتییەکی دیار و میانڕەوە و دەتوانێت بە شێوەیەکی دیموکراتی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بکات و بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ و مافی پێکهاتەکان دەدات**

**سەقامگیریی سیاسیی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە زۆر گرینگە و دەمانەوێت وەکو تورکمانیش بیپارێزین و لە حکومەت و پۆستە سیادییەکان و بڕیارە گرنگەکانیش بەشدار بین**

**دەمانەوێت وەزارەتێک، یان دەستەیەک لە حکومەتی ئەمجارەی هەرێمی کوردستان بە ناوی کاروباری پێکهاتەکان هەبێت، بەمەش زیاتر سەقامگیریی سیاسی و پێکەوەژیان و ئاشتی لە هەرێمی کوردستان دێتەدی**

پێشوو کە ماون تێپەڕێنێت و لایەنەکان بە گیانی تەوافوقەوە کار لەگەڵ یەکتردا بکەن و ململانێ حزبییەکان ڕێگری دروست نەکەن. وەك پرۆژە یاسای چاکسازی و هەمواركردنەوەی هەندێ یاسا، وەك یاسای هەڵبژاردنەکان. هاوکات چەندین پرۆژە یاسای گرنگی دیکە هەیە کە پەیوەستن بە هاووڵاتیان و بە حکومەتی کوردستان و بە کاری رۆژانەوە کە دەبێت بخرێنە نێو کاری پەرلەمان و جێبەجێ بکرێن. لەلایەکی دی ئاماژە و قسە هەیە کە کابینەی ٩ی حکومەتی کوردستان بچووك بکرێتەوە لە١٩وەزارەت بۆ ١١وەزارەت ئەمەش پێویستی بە پرۆژە یاسا هەیە و دەبێت ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان کاری لەسەر بکات. هەموو ئەو کارو پرۆژە یاسایانەی لە پەرلەمانی کوردستان کاری لەسەر دەکرێت، دەبێت بە تەوافوق و ڕێککەوتنی نێوان فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان بێت و گرنگترین کار لەم خولەدا ئەوەیە کە پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و کارنامەی کاری خۆی بکات و نەکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ حزبێکی سیاسی.

*** ئەو متمانە زۆرەی کە خەڵکی کوردستان لەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستان بە پارتی دیموکراتی کوردستانی داوە، کە وایکرد ٤٥ کورسی بێنێت، ئایا پارتی ناتوانێت لەگەڵ ١١ کورسیی کۆتاو پێکهاتەکان و یەك، دوو لایەنی دی حکومەتێکی بەهێز پێکبهێنێت؟**

- ڕاستە پارتی دیموکراتی کوردستان براوەی یەکەمەو (٤٥) کورسیی پەرلەمانی کوردستانی هێناوە، بێگومان پێکهاتە و کۆتاکانیش (١١) کورسییان هەیە، لەلایەکی دی ئێمە وەکو تورکمان هیچ کاتێك نامانەوێت ببینە لایەنگر لە نێوان حزبەکان (لە نێوان پارتی و یەکێتی و لایەنە سیاسیەکانی دی)، چونکە ئەگەر ئێمە بووینە لایەنگر لەگەڵ لایەن و حزبێك، ئەوە بۆی هەیە ململانێی زیاتر لەنێوان حزب و لایەنەکاندا دروست بێت، بەڵام ئێمە دەمانەوێت ببینە پردێك بۆ چارەسەری کێشەکان لە نێوان حزبەکانی کوردستان، بەتایبەتی بۆ پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان. بۆیە دەبێت ئێمە پارێزگاری لە بێلایەنیی خۆمان بکەین لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵك و پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا.

*** پێکهاتەکان لە کوردستاندا بەتایبەتی تورکمان لەهەموو کایەیەکی ژیانی سیاسی و حکومەتدا بەشدارن و مافیان دراوە، ئەگەرچی بەپێچەوانەوە لەحکومەتی بەغدا بەتایبەتی لەو کابینە تازەی کە دکتۆر عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانە، هیچ وەزارەت و پۆستێك بە تورکمان و بەپێکهاتەکانی تری وەك کلدو و ئاشوورو سریان نەدراوە، ئایا ئێوە وەك تورکمان هەڵوێستیان لەو بارەیەوە چۆنە؟**

- بێگومان پێدانی ماف بۆ هەموو نەتەوەو پێکهاتەکان گرینگە. بەڵام بەداخەوە لە کابینەی نوێی حکومەتی عێراقدا پێکهاتەی تورکمان و کلدو و ئاشوورو سریان بەشداریان پێ نەکراوە، ئەمە کارێکی خراپ و دژی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتییەتە. چونکە تورکمان پێکهاتەیەکی دیارو کاریگەر و گرنگە لە عێراقدا و لە دوای نەتەوەی عەرەب و کورد تورکمان نەتەوەی سێیەمین لە عێراقدا و لە ئاستی هەرێمی کوردستاندا نەتەوەی دووەمین و لەپاش نەتەوەی کوردین، کەچی لە حکومەتی عێراقدا بێبەش کراوین، دەبێت تورکمان لە عێراقدا بەشدار و شەریك و هاوبەشی کارا و ڕاستەوخۆ بێت لە بڕیاری سیاسی و لە پۆستە سیادییەکان.

*** یەکێ لەو پێشبینییانەی هەیە ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان کە براوەی یەکەمی پەرلەمانی کوردستانە، نێچیرڤان بارزانی ڕادەسپێرێت بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی ٩ی حکومەتی کوردستان، ئایا ئێوە ئەم کەسایەتییە چۆن دەبینن؟**


- ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کەسایەتییەکی دیار و میانڕەوە و دەتوانێت بە شێوەیەکی دیموکراتی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بکات و بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ و مافی پێکهاتەکان دەدات، هەر بۆیە ئێمە وەکو پێکهاتەی تورکمان لێرەدا داواکارین لە بەڕێزیان کە یەکێك لە جێگرەکانی بۆ تورکمان بێت، هاوکات ئومێد دەخوازین لەم کابینەیەدا وەزارەتێك بۆ کاروباری پێکهاتەکان زیاد بکرێت، کە پشتیوانیی بەڕێزیان لەم ڕووەوە گرنگ دەبێت.

**ململانێی دەرەوەی پەرلەمان ڕەنگدانەوەی لەسەر پەرلەمانیش هەبوو. لە ئەنجامدا نەمانتوانی نە لە پەرلەمان و نە لە دەرەوەی پەرلەمانیش سەقامگیریی سیاسی دروست بکەین**

**ئومێدی ئەوە دەکرێت خولی ئەمجارەی پەرلەمان ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشوو کە ماون تێپەڕێنێت و لایەنەکان بە گیانی تەوافوقەوە کار لەگەڵ یەکتردا بکەن و ململانێ حزبییەکان ڕێگری دروست نەکەن**

**لە کابینەی نوێی حکومەتی عێراقدا پێکهاتەی تورکمان و کلدو و ئاشوورو سریان بەشداریان پێ نەکراوە، ئەمە کارێکی خراپ و دژی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتییەتە**

# هەستی نەتەوەیی و توێژگرتنی لە بیردا



حەمەڕەشید هەرەس

ئەم نووسینە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠١ ئەو کاتە بەم شێوەیەی ئێستا کۆمپیوتەر لە ناو کۆمەڵدا بڵاو نەبوو، ئێستاش بە هۆی ئەوەی هەندێك گەجەروگوجەر بە دنەی دوژمنانی بیری کوردایەتی، کەوتوونەتە چنگەکڕێکردن بە کێوی راستیی بیروباوەڕی کوردایەتیدا، وام بە چاك زانی دیسانەوە ئەم توێژینەوەیەی خۆم بێ دەستکاری بخەمەوە بیری خوێنەرانی خۆشەویستم، چونکە هەر لە ژێر سێبەری ئەم بابەتەدا نیازم وایە بابەتێك بنووسم کە پەیوەندی بە رەوشی ئەمڕۆی باشووری کوردستانەوە هەیە و، ئەم چاوشارکێیەی دوژمنانی کورد بەرپایان کردووە.

پێشگوتن:

زۆر دەمێکە هەموو ئەوانەی دژی بیری نەتەوەیی ئەوەستنەوە، بە چەپ و راستیانەوە نەیانتوانیوە خۆیان لە هەستی نەتەوەیی بێبەریی بکەن، بەڵکو بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، ئەم لایەنە سروشتییە رەگی بەناو ناخی مرۆڤدا قووڵ بۆتەوە و، بەرەو خەباتی ئەبات لە پێناوی سەروەریی نەتەوەکەیدا، هەر ئەو هەستەشە وای کردووە، نەتەوەکان مۆرکی تایبەتمەندی وەرگرن و لە بزربوون و تواندنەوە خۆیان بپارێزن. ئەم هەستە وەك پارێزگاری مەڵبەند و قەدەغەکەی، نەك هەر لە مرۆڤدا، بەڵکو لە جیهانی ئاژەڵانیش و تەنانەت مێرووشدا وەك دیاردەیەکی سروشتی بەرجەستە بووە لە دەستدانی مەڵبەند و قەدەغەی تایبەتیی، ئەگەر وەک کۆش تێی بڕوانرێت، ئەوا لە دەستدانی بێوەیی و ئارام و دالدەیە، چ جای دەستەبەریی بوون و سەروەری و رۆمەت و پێداویستییەکانی ژیاری.

لە بەر ئەوە هەر کەسێك پارێز لەم هەستە بگرێت، ئەوا بە راشکاویی ئەڵێم خۆی لە بۆشاییدا ئەخولێنێتەوە.

دوژمنانی کورد زۆر دەمێکە منەی ئەوەیانە هەستی نەتەوەیی لە ناخی کوردا ریشەکێش بکەن و پێناسەی نەتەوەی کورد لە گێژەڵووکەی خەباتی چینایەتیی نەبوو و، خەباتی دژ بە جنۆکە و دێو و درنجا سەرگەردان بکەن، یەکەمیان بەهەشتی ئەم دنیامان بۆ مسۆگەر ئەکەن و، ئەوی تریشیان بەهەشتی دواییین. هەردوو لاشیان تا ئێستا لە نەتەوە سەردەستەکانی داگیرکەرەکانی کوردستانەوە سەرچاوە ئەگرن و، کوردی بێ ئاگاش قونەقون شوێن ئەو کەری جەجاڵانە کەوتوون و، تەنانەت ئەو شانازیی شوێنکەوتنەشیان بەخۆیان رەوا نەبینیوە، تا لە رێکخراوێکی نەتەوە سەردەستەکەیەوە عەباکەیان کردۆتە شانیان و ئەوجا خۆی بە کۆمونیست، یان ئیسلام، با بڵێین(ئیسلامی سیاسی) زانیوە.

**بیری نەتەوەیی کوردیی:**

هەلومەرجی هیچ نەتەوەیەك کتومت لە هەلومەرجی نەتەوەیەکی تر ناچێت، جیاوازی لە کولتوور و تاقیکردنەوە و، تەنانەت لە پێناسەی هەر نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی تر زۆرە، جا ئەگەر ئەو جیاوازییانە لە رۆژگارەکاندا بێت، یان لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی تر، جا هەرچەندە کۆشش بۆ ئەوە بکرێت، رواڵەتە نەتەوەییەکان لە یەکدی بچن، ئەوە کارێکی لە کردن نەهاتوو بووە و بۆ کەس نەهاتۆتە دی. بەڵام ئێمە لێرەدا ئەتوانین هەموو نەتەوەکان لە یەك ئامانجدا کۆ بکەینەوە، ئەویش بەرەنگاربوونەوەی هەر نەتەوەیەکە دژی بێگانە لەسەر خاکی نەتەوەکە خۆی. کەچی ئەم بەرەنگاریکردنەش لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر جیاوازی هەیە.

جا لەو کۆششانەی کراون بۆ هەمەجۆر نەتەوەیی بوون، لێرەدا باسی ئەکەین و بزانین نەتەوەی کورد دەکەوێتە ناو کام بەشەیانەوە و بۆچی تەنها بیری نەتەوەیی کوردیی تاکە رێگەیە ئەم کوردە بگەیەنێتە ئازادی سەرخۆبوون.

ئەو نەتەوانەی تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی درێژیان هەیە و، بە هێزی دەوڵەتەکەی و هەستی گەلەکەی

دروست بوون. هەموو ئەوروپای خۆرئاوا نموونەی ئەو نەتەوانەن، لێرەدا زمانی هاوبەشیش گرنگ نییە، نموونەش بۆ ئەمە بە زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی دەپەیڤێت، کەچی دەڵێت من سویسری یان بەڵچیکیم. نەتەوەی ئەو وڵاتانەی تاقیکردنەوەیەکی پۆڵەتیکی درێژیان نییە و، بەڵام بە زمانێکی هاوبەش دەپەیڤن و هەستێکی هاوبەش کۆی کردوونەتەوە. ئیتالیا و ئەڵمانیا دوو نموونەی ئەم بەشەن(بە ڕەچاوکردنی چۆنیەتیی دروست بوونیان.)

نەتەوەکانی ناو ئەو دەوڵەتانەی تاقیکردنەوەیەکی هاوبەشیان نییە و کولتوور و ڕەگەزی جیاوازیان هەیە و، هیچ جۆرە پەیوەندییەك کۆی نەکردوونەتەوە، مەگەر تەنیا ئایینێکی هاوبەش، کە ئەمەش بە هۆی جیاوازیی مەزهەبەکانەوە، بە درێژایی مێژوو زیاتر پەیوەندی هەڵتەکاندووە لەوەی پتەوی کردبێت. بە هەر حاڵ ئەم جۆرە گەلانە نە دەچنە خانەی نەتەوەوە، نە دەچنە خانەی دەوڵەتەوە. نموونەش بۆ ئەم دەوڵەتانە یوگۆسلافیای لەتوپەت، یەکێتی سۆڤیەتی یەکالا بووەوە و، ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا، دەوڵەتەکانی باکووری ئافریکا و چەندانی ترن. کوردستان کەوتۆتە ناو ئەم بەشەیانەوە کە بە تڕەکەڵەکێ و زۆرداری و ناڕەوا بوونەتە دەوڵەت و لە هەر هەلومەرجێکدا هەڵوەشانیان لە ئارادایە و ڕەگەز و نەژادە جیاوازەکان جیا دەبنەوە، وەك چۆن هەردوو نموونەی یوگۆسلافیا و یەکێتی سۆڤیەتمان لە بەر چاوە.

نەتەوەکانی ئەو دەوڵەتانەی دژی ئیمپریالیزم هەستانەوە و خۆیان دروست کرد، ئێستا بە دەوڵەتانی جیهانی سێهەم ناسراون، نموونەکانی ئەمانەش نەتەوەکانی ئافریکا و ئەمەریکای لاتینن.

جا ئەگەر بە چاوی ڕەخنەوە تەماشا بکەین، ئەوا ئەم بەش کردنەش هەر گشتگر نییە، چونکە هیندستان، پاکستان، بانگلادش ناکەونە هیچ بەشێکیانەوە، هەروەها کەنەدا لە رووی دروستبوونیەوە زۆر جیاوازە، ئەمە جگە لە جیاوازی گەل لە تەك نەتەوەدا، بۆ نموونە گەلی ئێران مانای نەتەوەی فارس نییە، هەر وەک چۆن گەلی کوردستان مانای تەنها نەتەوەی کورد نییە، جا لێرەدا ئەو جیاوازییە زەقە هەیە لە نێوان نەتەوەی ئەو گەلانەی خاوەن خاکێکیداگیر کراون، لە تەك ئەو نەتەوانەی بێ خاکن، بەڵام نیشتەجێی وڵاتەکەن. جگە لەمانەش زۆر نەتەوە هەیە وڵاتەکە دروستی کردووە، بە پێچەوانەشەوە.

ئەمە هەر هەمووی، جگە لەو مەرجەی کە چەپەکان بۆ نەتەوەیان داناوە، گوایە بۆرژوا نەتەوەی دروست کردووە، نەتەوەش یەکێکە لە بەرهەمەکانی ئەم چینە، جا بۆ قڕوقەپ پێکردنی ئەم پاساوە هەر ئەوە دەڵێین: ئەگەر ئەمە راستە ئەی بۆچی پاش حەفتا ساڵ یخ دانی هەستی نەتەوەکانی ناو یەکێتی سۆڤییەت، کەچی لە کۆتاییدا وەک دووپشك یەکالا بووەوە و ئەو هەموو نەتەوانە بووژانەوە و بوونەوە بە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆیان؟ لێرەدا بە پێویستی نازانم ئەوە شی بکەمەوە کە تەنانەت هەموو ئەو نەتەوانەش کە دەوڵەتیان سەر بە بەرەی چەپ دروست کرد، یەکەم جار لە مەسەلە نەتەوایەتییەکەوە دروست بوون و بە کەڵەگایی چینایەتی لە ناوچوون.

جا وەک چۆن سەلماندمان هەلومەرجی هیچ نەتەوەیەک وەک ئەوی تر نییە و هەر نەتەوە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئاوا نەتەوەی کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی زیندوو، تا مێژوو بڕ بکات شانبەشانی هاتووە و، وا ئێستاش دەستەودامێنی ئەم نەوە سەرلێشێواوەی ئێمە بووە، با درێغی لە بوونی، پیرۆزیی و سەروەریی نەکەین.

کوردەکەی برام: ئێمەی کورد مێژوویەکی لەبەرچاو و، تایبەتمەندی و زمانێکی نەتەوەیی هاوبەش و لە هەمووشی گرنگتر هەستە نەتەوەییەکەمان هەیە، چونکە پاکستان و دەوڵەتەکانی ئەفریکا باشترین نموونەن، ئەمان بوونێکی مێژوویی نەیکردن بە دەوڵەت، وەك روونمان کردەوە، زمانیش ئەو گرنگییەی نییە و، نەتەوەی وا هەیە بە زمانی جۆراوجۆر ئەپەیڤێت و خۆی بە نەتەوەی ئەو زمانەش نازانێت، زۆر لە کوردەکانی باکوورمان زمانەکەیان لە بیر براوەتەوە، کەچی هەستە نەتەوایەتییەکە هەر بە زاڵی ماوەتەوە، ( ئا لێرەدا روو لە هەر سێ شۆڤێنێکانی تورك، فارس و عەرەب ئەکەین و ئەڵێین بە تورك، بە فارس و بەعەرەبکردنی کورد هەستە نەتەوایەتییەکە پتەوتر ئەکات و ئەو پەلەقاژەیەشتان فت). جا کوردستانیش کە خاك و قەدەغەی نەتەوەی کوردە و نەتەوەییبوونیش ئەم چوار کۆڵەکە گرنگە دەستبەری ئەکات:

خاکێکی دیاریکراو.

قەوارەیەك و ژمارەیەکی دیار.

پێگەیشتنی ناوەندێکی نەتەوەیی.

هەستی نەتەوایەتی و بەندبوونی دەروونی بە نەتەوەکەیەوە.

ئا ئەم چوارەم کۆڵەکەیە لە هەموویان گرنگترە، هەستە قووڵەکەی ناو دەروونی مرۆڤ، کە لە ئاژەڵی جیا دەکاتەوە، بێ ئەو هەستە مرۆڤ بێبەریی ئەبێت لە نەتەوە و پەیوەندی بە خاکەکەیەوە نامێنێت. ئەمەش هەروا ئاسان نییە و هەڵگرانی بیری نەتەوەیی کوردیی لێی خۆش نابن و ناسنامەی مرۆڤی نادەنێ، چجای مرۆڤی کوردیش، ئابڕوومەندی تەنها پاراستنی بەشی خوارەوەی لەش نییە، جانجاك رۆسۆ لە ناوەڕاستی چەرخی هەژدەهەمدا نەتەوییبوونی بەو جۆرە شکاندەوە تا ختییە خانەی رۆمەت و ئابڕوومەندییەوە و، نەتەوەییبوونی بە بووژێنەرەوەی گەل دایە قەڵەم و داوای لە کەسانی نەتەوەکەی

**دوژمنانی کورد زۆر دەمێکە منەی ئەوەیانە هەستی نەتەوەیی لە ناخی کوردا ریشەکێش بکەن و پێناسەی نەتەوەی کورد لە گێژەڵووکەی خەباتی چینایەتیی نەبوو و، خەباتی دژ بە جنۆکە و دێو و درنجا سەرگەردان بکەن**

**هەرچەندە کۆشش بۆ ئەوە بکرێت، رواڵەتە نەتەوەییەکان لە یەکدی بچن، ئەوە کارێکی لە کردن نەهاتوو بووە و بۆ کەس نەهاتۆتە دی. بەڵام ئێمە لێرەدا ئەتوانین هەموو نەتەوەکان لە یەک ئامانجدا کۆ بکەینەوە، ئەویش بەرەنگاربوونەوەی هەر نەتەوەیەکە دژی بێگانە لەسەر خاکی نەتەوەکە خۆی**

**کوردستان کەوتۆتە ناو ئەم بەشەیانەوە کە بە تڕەکەڵەکێ و زۆرداری و ناڕەوا بوونەتە دەوڵەت و لە هەر هەلومەرجێکدا هەڵوەشانیان لە ئارادایە و ڕەگەز و نەژادە جیاوازەکان جیا دەبنەوە، وەک چۆن هەردوو نموونەی یوگۆسلافیا و یەکێتی سۆڤیەتمان لە بەر چاوە**

کـرد و بـە ئەرکـی سەرشـانیانی زانـی لـە دەسـەڵاتی باڵادا بەشداری بکـەن و، ئـەم ئەرکـە پیرۆزەشی ناونـا: ئەرکـی نیشـتمانی.

ئێمـەش بیرەکەمـان و بزووتنـەوەی نەتەوایەتیمـان بـە ئابڕوومەنـد ئەزانیـن، چونکـە ملـی نـاوە بـە کێـوی خەباتێکـی سـەختەوە، لـە پێنـاوی بەشـخوراوانی نەتەوەکەمـان و دەستخسـتنی ئـازادی بـە مانـا پڕاوپڕەکـەی، کـە لـە ئازادیـی دەسـەڵات و دەسـەڵاتی یەکسـانی تاکـە تاکـەی گەلـی کوردسـتاندا رەنـگ ئەداتـەوە، نـەک بـە تەنهـا نەتـەوەی کـورد.

بیـری نەتەوەیـی کوردیـی دەسـەڵات بـۆ تاکـە چینێـك و هێنانـەدی ملهوڕێتـی پیـادە نـاکات، ئەمـڕۆ لـە کوردسـتاندا چیـن بـزرە، هـەر هەمـووی چەوسـانەوەی نەتەوەیـی رووبـەڕوو کراوەتـەوە، ئەویـش بـە دەسـت بـۆرژوای شـۆڤێنی چـواردەورەوە. ئـازادی بـە لای کەسـی نەتەوەییـەوە یـەك ئازادییـە، ناوەڕاستی نییـە و، هەڵکـش و داکـش نـاکات، بـەڵام دوژمـن وای کـردووە و، تۆی کـورد وا فێر کراویت قۆرەماڤیش بە ئازادی وەرگرێت. ئەمـەش ئەنجامـی چەوساندنەوەی ساڵەهایە، تینـوو رووبـار و ئاونـگ (سـەراب) لـە یەکتـر جیـا ناکاتـەوە.

جـا بـا ئـەو پەیوەندیـە دەروونییـەی لـە پێشـدا باسـمان کـرد و بـە ئابڕوومەنـدی رەنگـی دایـەوە، بـە تـەرازووی ژیرێتـی و لۆژیـك بیکێشـین و لـە زانسـتی نزیـك بخەینـەوە و بیانـووی هەمـوو دوژمنانـی نەتەوەیـی پـێ کوێـر بکەینـەوە.

شـوێنەواری مـرۆڤ پێـش لـە دایـك بوونـی، پزدانـی دایکێتـی لـەوێ گەشـە ئـەکات و نیشـانەکانی مرۆڤـی تیـا دەرسـکێت و پەیوەندییەکـی گیانیـی بەهێـز لـە نێـوان خـۆی و دایکەکەیـدا دروسـت ئەبێـت، ئیتـر ئـەو دایکـە هەرچۆنێـك بیـت، جـوان، ناشـیرین، هـەژار، دەوڵەمەنـد، کـەس دایکـی خـۆی بـە هەمـوو شـاژنانی جیهـان ناگۆڕێتـەوە، چونکـە تەنهـا لـە ناخـی ئـەودا دروسـت بـووە، نـەك کەسـێکی دی.

پاش ئەوەی لەو دایکە شیرینەت ئەبیت، شوێنەوارەکە ئەگۆڕێـت بـۆ زێـد و نیشـتمانەکەت، وەك کوردێکیـش کوردسـتانەکەت، هـەردوو شـوێنەوارەکە وەك یـەك (بگـرە ئـەوەی دووەمیـان زیاتـر) هەسـت و سـۆزێکی نکۆڵـی لـێ نەکـراوی لـە ناخـی هەمـوو کەسـێکی تـەواوا جـێ ئەکاتـەوە. بـێ ئـەو هەسـتە مـرۆڤ بـزرە، سەرلێشـێواوە، شـێتە. کـە هەسـت نەکـرا بـە دایکێتـی ئـەوا هـەر کەسـێکی تریـش جگـە لـە خۆشـك و بـرا ئەگـەر باوەشـی پیـا کـرد، ئاسایی ئەبێت، لەوانەیـە ئـەو کەسـە خۆیشـی باوەشـی پیـا بـکات و چێژێکـی تـری لـێ وەرگرێـت جیـاواز لـە سـۆزی دایکایەتـی، هەمـان هەسـتیش بەرامبـەر خـاك و زێـد و کوردسـتانەکەت، ئەگـەر هەسـتت بـە سـۆزی ئـەو ئاوێتەبوونـە بەهێـز و پیـرۆزە نەکـرد، ئـەوا بـە ئاسـانی پێـی بێگانـە ئەبیـت و جەرگیشـت ژان نـاکات، بێگانـە تەراتێنـی تێدا بـکات و بـە قەدەغـەی خـۆی بزانێت، جا ئەو بێ هەستییەیە بـە ئاسـانی ئەیـکات بـە جـاش و دەبێتـە پاشـکۆی بێگانـە دژی کوردستان و هاوڕەگەز و بوون و ئابڕوومەندی. بۆ نموونـە ئـەو بـێ هەسـتە ناڵێت دایکم یـان خوشکەکەم، ئەڵێت: ئەو ژنە! ناشڵێت کوردستان، ئەڵێت: باشووری تورکیا، باکووری عێراق و....هتد! یان ناڵێت: کوردم ئەڵێـت: سـووریم، عیراقیم....هتـد! بـە بـرا کوردەکەشی ئەڵێـت مـرۆڤ، یـان برایەکـی موسـوڵمان. ئەمـەش هـەر هەسـتە، بـەڵام ئـەو هەسـتەی بـە درێژایـی مێـژوو مرۆڤـی بێفـەڕ شـوێنی کەوتـووە و کاری نابەجـێ و دزێوی پێکـردووە، هەزارەها بەکـر مەرگـەوڕی دروست کـردووە و، هەزارەهـا مەمـی پـێ رەنجـەڕۆ کـردووە.

کەواتـە هەسـت هەمـوو جارێـك و لای هەمـوو کەسـێك روو لـە چاکـە نـاکات، ئـەوەی دەدزێـت، هەسـت بـە تاوانەکـەی ئـەکات، بـەڵام ئـەو ملکەچـی ئـەو هەسـتەیە. هەمـوو کـەس هەسـتی هەیـە، ئـازادی لـە رەوانی (رۆحـی) مـرۆڤ هەڵکشـاوترە، بـەڵام هەسـتی چەپـەڵ دەیەوێـت کۆیلـە و لارەمـل بێـت.

کەواتـە هەسـتی نەتەوایەتـی روو لـە چاکەیـە و دەمارگیریـی کوێرانـە نییـە، ئەگـەر بـۆ رزگاربـوون و ئـازادی نەتـەوە تەکانـی دا.

ئـەوەش لـە بیـر نەکەیـن جـۆرە هەسـتێکی نەتەوەیـی تریـش هەیـە، ئەمیـان بـۆ داگیرکـردن و یـخ پێدانـی نەتـەوە ژێردەسـتەکانە.

بـا شۆڕشـی فەرەنسـا بکەیـن بـە نموونـە، ئـەم شۆڕشـە لـە دەمەدەمـی دروستبوونیا شۆڕشێکی نەتەوەیی خاوێن بـوو، سنووری بۆ زۆر ستەم و بێدادی دانا، ئەوە لایەنە رەوا و گەشـەکەی هەسـت و هۆشـیان بـوو. بـەڵام کـە دوایـی لـە پەلامارەکانـی ناپلیۆنـدا بـۆ سـەر وڵاتانـی ئەورووپا و رۆژهـەڵات رەنگـی دایـەوە، ئەوە لایەنە ناڕەوا و رەشـەکەی هەسـتیان بـوو، ئەمجـارە هەسـتی پیـرۆز کەوتـە نـاو تـەرازووی ئـەو نەتەوانـەی کـە بەرگرییـان لـە خۆیـان ئەکـرد دژی فەرەنسـای داگیرکـەر. یـا هـەر بـۆ نموونـە بزووتنـەوەی ناسـیۆنالیزمی عـەرەب لەمـەڕ یەکێتـی و داد و یەکسـانیدا، ئـەوە لایەنـە رەواکـەی هەسـتیانە، بـەڵام داگیرکردنـی کوردسـتان و خـواروی سـودان و چەوساندنەوەی نەتەوە ناعەرەبەکانی باکووری ئافریـکا لـە بەربـەر و قیبتـی و ئەمازیغـەکان و... هتـد، ئـەوە لایەنـە چەپەڵەکـەی هەسـتیانە و هەسـتی ئابڕوومەندیـش دێتـە لایەنـی ئـەو هێزانـەی بەرەنگاریـان ئەبنـەوە.

**نەتەوەی کورد:**

جـا هـەر وەك چـۆن روونمـان کـردەوە کێشـەی هـەر نەتەوەیەك لەوانی تر جیاوازە، ئاواش کێشـەی نەتـەوەی کورد لـە کێشـەی نەتەوەکانی تـر ناچێت، دەتوانم بڵێم

ئەو هەستەی بە درێژایی مێژوو مرۆڤی بێفەڕ شوێنی کەوتووە و کاری نابەجێ و دزێوی پێکردووە، هەزارەها بەکر مەرگەوڕی دروست کردووە و، هەزارەها مەمی پێ رەنجەڕۆ کردووە

هەموو کەس هەستی هەیە، ئازادی لە رەوانی(رۆحی) مرۆڤ هەڵکشاوترە، بەڵام هەستی چەپەڵ دەیەوێت کۆیلە و لارەمل بێت

ئەوەی کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە، ئەوەیە کە کوردستان کەوتۆتە ژێر چەپۆکی چەند رژێمێکی دڕندە و هۆش سەرەتایی، بە درێژایی مێژوو و بێگومان ئایندەش، رووناکی لە ئابڕوومەندی و هەڵسوکەوتیانا دەرهەق بە کورد بەدی نەکراوە و بەدی ناکرێت

و هەر وایشە، کە تا ئێستا مێژوو کێشەی نەتەوەیی وا ئاڵۆزی بەخۆیەوە نەدیوە. ئەمەش لە دەرەوەی ویستی نەتەوەکە رەخساوە و بە پێویستی نازانم هۆکارەکەی لێرەدا چەند بارە بکەمەوە، ئەویان لای هەموو گەشبیرێکی ئەم کوردە لەبەر چاوە. ئەوەی کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە، ئەوەیە کە کوردستان کەوتۆتە ژێر چەپۆکی چەند رژێمێکی دڕندە و هۆش سەرەتایی، بە درێژایی مێژوو و بێگومان ئایندەش، روونا کی لە ئابڕوومەندی و هەڵسوکەوتیانا دەرهەق بە کورد بەدی نەکراوە و بەدی ناکرێت. هەزارەها قەسابخانەی ئەم دڕندانە بۆ کوردیان داناوە، مێژووی سیخناخ کردووە. هیچ، هەر هیچ بنەمایەکیان نەهێشتۆتەوە تەنانەت ئەگەر کورد ببێتە خاوەن دەوڵەتیش، ئەمانە وەك دراوسێیەکی بێ وەی ئەژمار بکرێن. چونکە کێشەی کورد و دوژمنانی چواردەور هەر لە مێژوودا پەیوەندی بە مۆراڵەوە هەیە، هەموو مێژوو تەی بکەیت، ئەو مۆراڵەیان تیا نابینیتەوە. ئێستا و دوارۆژیش لەوە پتریان لێ هەڵناوەرێت.

ئەمڕۆش هەلومەرجی کوردستان بە گشتی لەوە دەرچووە لەسەر تەختی سوڵتانە قرەقۆزەکانی چواردەور ساتوسەوداو دانوستاندنی لەسەر بکرێت، چونکە چاوەڕوانی گۆڕانە، ئیتر لەوە دەرچووە دەستکەوت و ماف لە دوژمن وەرگرێت. ئەگەر بە خۆمان بزانین ئێستا و ئایندەمان بە دەست خۆمانە. ئەمرۆ زلهێزەکان هەمووی بەرەو یەك تەوەر ئەچن، ئەو سەردەمە نەما کورد لە گەمەی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا بکرێت بە پۆڕی خوراو، ئەم دیموکراتییەی بە راست یا درۆ جاڕی بۆ ئەدرێت، ناچارن دەوڵەتێکی کوردی هەڵتۆقێنن، چونکە تورکیا چیدی نازداری ئیمپریالییەت نییە و، ئەوەتا ئابوورییەکەی و پارە و دەرامەتی بوونەتە پەندی پسات و چۆلەکە خەون بە نەوتی ویلایەتی موسڵەوە ئەبینێت، چونکە ئێستا وەك ئابووریی فڕی بە دەوڵەتەوە نەماوە.

رژێمی ئێران و عێراق و سووریاش وا چەقۆی بۆ تیژ ئەکەن وەك گای قوربانی بیاندەن بە زەویدا و دوور نییە ئەو کوردستانەی لەناو سکی نەخشە قێزەونەکانیاندا قووت دراوە، بێتە دەرەوە و هەبوونی خۆی بە دەست بێنێت، ئەمە بێگومان ئەگەر بە قازانجی کورد شکایەوە، جا ئەمە مەترسییەکی زەبەلاحی بۆ هەر چوار رژێمەکە رەخساندووە، بۆیە هەر منی ئەوەیانە دەمارگیرانی چەپڕەوی هەرزە و ئیسلامی سیاسی دەسەڵاتخواز لە کوردستانا دروست بکەن و گیانی ئازادیان لەبار بەرن، خۆ ئەوە ئاشکرایە هەر کە کوردستان لە قۆناغی دروستبوون نزیك ئەبێتەوە، خێرا ئەو دوو لایەنە نامۆ بە بوونی کوردە وەك توولەمار دەکەونە جموجۆڵ و چالاکی و پارەهەڵڕشتن بۆ کڕینی ویژدانە لەرزۆکەکان.

خاوێنترین رژێمی ئاغای ئەو دوو لایەنەش، بێ پەروا کڕنووش بۆ عەرشی پەنتاگۆن ئەبەن و دەیانەوێت بیانکەن بە دوژمنی کورد. ئاخر هەی کوردەکەی ئەڵقەلەگوێی پیاوی پیاوەکانیان بۆ بیر ناکەیتەوە؟ ئەمڕۆ کورد وەك چەپ و راستە دەمارگیرەکان هیچ دەستگیر ناکات، رق و گومانی زلهێزەکان نەبێت، وەك لەبەر چاوە، دروستبوون و چارەنووسمان ئێستا ئەبێت پێداگرتنمان بێت وەك کورد، وەك نەتەوەیەکی بەشخوراوی هەبوون لە مەترسیدا، ئەو بیر و فەلسەفە عەمارەپۆیانەی هەست نێگەتیڤەکان دەروێشایەتی ئەکەن، پەکی لەسەر کورد نەکەوتووە، ئەوەتا زۆر دەوڵەتی گەورەی خاوەن دەسەڵاتی بە دواوەیە و بە دوایەوە بوو، لە نەهامەتیی زیاتر چیان دوورییەوە؟ ساڵەهای ساڵیش هەبوون. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە روو لە رێگای راست بکەین بۆ دروستبوون و بەختەوەریی؟ کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ئەو دەوڵەتانەی بسەلمێنین کە چارەنووسی ئەم جیهانەیان بەدەستەوەیە، ئێمە گەلێکی زیندووین و کەچی ساڵەهای ساڵە سووکایەتیمان پێ ئەکرێت و یاری بە چارەنووسمان ئەکەن؟ نە برای موسوڵمان بە درێژایی مێژوو وەك کورد تێی روانیوم، نە پاسەوانانی قەڵای رماوی سۆشیالیزم.

ئەمرۆ گریمانە و رەمڵ لێدان دەربارەی سیاسەتی دەرەوە و ناوچەکە لاپەڕەی رۆژنامەکان و هەموو میدیای جیهانی تەنیوە، بەڵام وەک کورد زیاتر ئەبێت لە تەقەلای یەکگرتن و خۆنیشاندان بێت، وەك گەلێکی خاوەن کێشە، نەك برسی و رووت و ڕەجاڵی بافتی بەزەیی و دلۆڤانیی خێرەوەمەندان.

سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان وای لێهاتووە بە چرکە و کاتژمێر هەڵئەگەڕێتەوە، ئەمڕۆ کێشەکە لەوەدا نەماوە، گوێ لەوە بگرین، رژێمەکانی چواردەور چ پلانێکیان بۆ چنیوێن، کێشەکە لەوەدایە چۆن جێی خۆمان لە گەمە گەورەکەدا بکەینەوە. گەمەی وزە بەدەستهێنان لە لایەن زلهێزەکانەوە. ئەم گەرمەشینەی ناوچەکەی تەنیوە. بۆ حسێن نییە، بۆ هەریسەکەیە، ئامریکا دەڵێت: دە ساڵی تر سێ ئەوەندەی ئێستا نەوتم پێویستە. لەکوێ؟ خۆ بۆی نابارێت؟ پێویستی بە کێڵگەی نەوت و بازاڕی ئارامە، ئیتر ئەمە هەرچی پەلەقاژەی رژێمەکانی چواردەورە بەرامبەر یەك وڕینەی سیناتۆرێك لە کورتی ئەدات.

ئەمەریکا سوورە لەسەر ئەوەی هەرچی گیروگرفتی ناوچەکە هەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆی تەختی بکات و سەرچاوەی وزە لە ناوچەکەدا بۆ خۆی مسۆگەر بکات. کێشەی کوردیش خاڵێکی ئەو بەرنامەیەیە و، ئەو سیناریۆیەی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانراوە، کورد رۆڵێکی گرنگی بەرکەوتووە، جا سەرکەوتنی لە رۆڵەکەدا پەیوەستە بە چەند بنەمایەکەوە، کاریگەرترینی ئەو بنەمایانە کورد خۆیەتی.

هەلومەرجی کوردستان بە گشتی لەوە دەرچووە لەسەر تەختی سوڵتانە قرەقۆزەکانی چواردەور ساتوسەوداو دانوستاندنی لەسەر بکرێت، چونکە چاوەڕوانی گۆڕانە، ئیتر لەوە دەرچووە دەستکەوت و ماف لە دوژمن وەرگرێت. ئەگەر بە خۆمان بزانین ئێستا و ئایندەمان بە دەست خۆمانە

ئەمە مەترسییەکی زەبەلاحی بۆ هەر چوار رژێمەکە رەخساندووە، بۆیە هەر منی ئەوەیانە دەمارگیرانی چەپڕەوی هەرزە و ئیسلامی سیاسی دەسەڵاتخواز لە کوردستانا دروست بکەن و گیانی ئازادیان لەبار بەرن

ئەمرۆ کێشەکە لەوەدا نەماوە، گوێ لەوە بگرین، رژێمەکانی چواردەور چ پلانێکیان بۆ چنیوێن، کێشەکە لەوەدایە چۆن جێی خۆمان لە گەمە گەورەکەدا بکەینەوە

## دیمانەی تایبەت



**عمران ئەل بەداوی پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی هیوستن، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك وزەو كۆمەڵگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها دامەزرێنەری پرۆگرامی دیراساتی عەرەبییە لە هەمان زانکۆ. بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و پرسی بەکارهێنانی فشار و سزا ئابوورییەکان وەك یەکێك لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەم ئیدارەیە و بۆ لێکدانەوەی ئەو دۆخە پڕ لە بشێوی و پاشاگەردانییەی کە باڵی کێشاوە بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا.**

## عمران ئەل بەداوی
بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هیوستن بۆ گوڵان:

# لە ڕۆژگاری ئێستادا بەرەی ڕاستڕەو و پۆپۆلیستی لە هەڵکشاندان

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ بەکارهێنانی فشار و ناچارکردنی ئابووری لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، بەتایبەتی کە ئێستا باس لە شەڕی بازرگانی و گرتنەبەری ڕێکاری ئابووری دەکرێت وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکا؟**

- من لە مانگی ڕابردوودا ئامادەی چەند کۆنفرانسێك بووم لێرە (ناوچەی «هیوستن - ولایەتی تێکساس»)، کە بە پایتەختی پیشەسازیی وزەی جیهان دادەنرێت (لە رووی نەوت و غازەوە)، ئێمە لەو کۆنفرانسانەدا بە وردی باسی ئایندەی بازاڕی جیهانیی وزەمان کرد و بەشێکی گفتوگۆکانی ئێمە پەیوەست بوون بەوەی ئێوە بە ناچارکردنی ئابووری وەسفی دەکەن، یان ئەوەی لە بنەڕەتدا پێی دەوترێت سزای ئابووری. لەم روانگەیەوە من دەڵێم پەرەسەندنێکی زۆر مەترسیدارە کە ئیدارەی ترەمپ پاشەکشە بە دەستپێشخەرییە دیپلۆماتییەکانی سەروەختی ئیدارەی ئۆباما دەکات، ئەمە پەرەسەندنێکی مەترسیدار و مایەی نیگەرانییە و بێ پێشینەیە کە سەرۆك، یان ئیدارەی ئەمریکا ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی پێشێل بکات، وەك ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، کە ئەم ڕێککەوتنەش لایەنەکانی پڕۆگرامی ئەتۆمیی ئێرانی ڕێکخستبوو کە دەرفەتی هێنانەئارای ئاشتییەکی باشتری لە جیهاندا دەستەبەر دەکرد. کەواتە ناچارکردنی ئابووری بەشێکە لە ئامرازەکانی بەردەستی سەرۆك ترەمپ، یەکێکیان بریتییە لە سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا، هەروەها سەپاندنی رسومات بەسەر کاڵا چینییەکانیشدا لەخۆ دەگرێت، هەروەها چەندین ڕێکاری دیکە کە نەك دەبنە هۆی زیانگەیاندن بە بەرژەوەندیی دوژمنەکانی ئەمریکا، بەڵکو بە بەرژەوەندیی دۆستەکانیشی، لە نێویاندا کەنەدا و ئەورووپا. ئێمە لە ئەمریکا زیاتر باسی شەڕی بازرگانی دەکەین، واتە ئایا ئەمریکا لە شەڕی بازرگانیدایە لەگەڵ چین و تا ڕاددەیەکیش لەگەڵ ئەورووپا. دواتر پرسیاری ئەوە دەکرێت، ئایا ئامانجەکانی ئەمریکا لە گرتنەبەری ئەم ڕێکارانە چین؟ هەندێك کەس پێیانوایە ئامانجەکانی ئەمریکا روون نین، بەڵام لێرەدا دەمەوێت ئاماژە

بە چەند خاڵێك بكەم، من پێموایە هەندێ لەو كارانەی ئەمریكا دەیكات لەبەرامبەر كەنەدا و مەكسیك و ڕێككەوتنی نافتا، كارێكی باشن، ڕەنگە ئەمەی دەیڵێم مایەی سەرسوڕمان بێت، بەڵام هەر ئەو-ترەمپ- بە تەنیا دركی بەوە نەكردووە كە بوونی بازرگانیی ئازاد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا هاوشان بووە بە كێشەی گەورە- یەكێك لەوانە ڕێككەوتنی نافتا-، بۆ نموونە بوونەتە هۆی هەژاركردنی كرێكارانی ناوخۆیی لە ئەمریكا و بوونەتە هۆی بەهێزكردنی كۆمپانیا زەبەلاحە فرەڕەگەزەكان و ئەمەش ئاماژەیە بەوەی بە جیهانیبوون سنوورێكی دووری بڕیوە، هەر ئەمەش هۆكاری ئەوەیە كە ناوەندەكانی پشتیوانكار لە ترەمپ و ناوچەكانی دیكە كاردانەوەیان هەبێت لە بەرامبەر بەجیهانیبووندا. لەبەر ئەوەی ئەم ڕێككەوتنانە، وەك نافتا، لە بەرژەوەندی بزنسە گەورەكان و ڕەنگە هەندێ لە حكومەتەكاندا بن، بەڵام كاریگەریی خراپیان دەبێت لەسەر كرێكاران و كۆمەڵگە مەحەلییەكە. بەڵام هێشتا ڕوون نییە ئایا دەرئەنجامی دووبارە گفتوگۆكردن لەبارەی ڕێككەوتنەكانی وەك نافتاوە چی دەبن، بەڵام من ئومێدێكی كەمم هەیە بەوەی كە دەرئەنجامێكی باشیان لێ بكەوێتەوە. لەبەر ئەوەی گوتاری ترەمپ، گوتارێكی ڕووخێنەرە و مایەی نیگەرانییە.

*** ئاماژەتان بە ئێران كرد، ئایا ئەمریكا دەتوانێت بەهۆی سەپاندنی سزاكان بەسەر ئێراندا ئامانجەكانی خۆی بەدی بێنێت؟**

- لە ڕاستیدا من پێموانییە ئەمریكا هیچی لێ بچنێتەوە، هەروەها بە بۆچوونی من ئەمریكا لە هەوڵی هەڵگیرساندنی شەڕدایە لە نێوان ئێران و ئیسرائیل. كەواتە من باوەڕم وانییە ئەم سزایانە هیچیان لێ بەدیبێت، ئەوەتا نرخی نەوت لە هەڵكشان و داكشاندایە و بووەتە هۆی ناسەقامگیریی زیاتر لە بازاڕی وزە و تەنانەت ناسەقامگیریی سیاسیشی دروست كردووە و تەنیا كەسانی نزیك لە ترەمپ و كەسانی نێو گرووپی لۆبیی جوولەكە سوودمەند دەبن. كەواتە بە شێوەیەكی گشتی سزا ئابوورییەكانی یەك دەرئەنجامیان لێ ناكەوێتەوە، هەندێ جاری كاریگەریی ئەرێنییان بەدوا دێت و هەندێ جاریش دەرهاویشتەی سلبی دروست دەكەن، كە ئەمە حاڵەتەكەیە لە پەیوەندی بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

*** بەڵام ترەمپ وا خۆی وەسف دەكات كە بە ڕۆحیەتی بزنس سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەكەی هەڵدەسووڕێنێت، پێیوایە لە ڕێی فشاركردنەوە دەتوانێت سازش بە نەیارەكانی بكات و ناچاریان بكات ڕێككەوتنی باشتری لەگەڵدا بكەن، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە كە باس لەوە دەكرێت دۆناڵد ترەمپ خۆی بەو شێوەیە دەخاتەڕوو كە هەڕەشە دەكات و ڕێكاری توند دەگرێتەبەر و ئاماژە بە هەڵگیرساندنی شەڕ دەكات و ئەمەش دەكاتە ئامرازێك بۆ ناچاركردنی نەیارەكانی بۆ ئەوەی بێنەسەر مێزی گفتوگۆ و نموونەی زەقیش لەم بارەیەوە كۆریای باكوورە. بەڵام كێشەكە ئەوەیە تاوەكو ئێستا بەڵگەی ئەوە لە ئارادا نییە كە كۆریای باكوور دەستی كردبێت بە هەڵوەشاندنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەكەی، یان ئەوەی جیهان سەلامەتترە. كەواتە هێشتا لەم بارەیەوە نیشانەی گەورەی پرسیاركردن هەیە. كەواتە دەتوانین بڵێین بەڵگەی ئەوە لە ئارادایە كە سیاسەتی قۆڵبادان كە ترەمپ پیادەی دەكات سەركەوتوو بووبێت. بەڵام ئایا ئەمە لە بەرامبەر ئێراندا سەركەوتوو دەبێت، من نازانم، چونكە كەیسی ئێران كەیسێكی توندترە، چونكە باوەڕم وایە كەسانێك هەن لە نزیك ترەمپ كە خوازیاری ئەوەن شەڕ هەڵبگیرسێت و تەنانەت بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ خوازیاری بەرپاكردنی شەڕ بوون. كەواتە كەیسی ئێران حاڵەتێكی جیاوازە. دواتر ئەگەر گریمانەی ئەوە بكەین ئەمریكا پاساوی ئەوەی هەیە هەڵسوكەوتی توند لەگەڵ ئێران و كۆریای باكووردا بكات- كە ئاشكرایە ئەم وڵاتانە هاوپەیمانی ئەمریكا نین- ئایا پاساوی ئەم كردارانە چین لە ئاست یەكێتیی ئەوروپا و كەنەدا و مەكسیك؟ كەواتە بە تێڕوانینی من ئەوەی ترەمپ پیادەی دەكات، ڕێچكەیەكی هەڵەشە و ڕووخێنەرە، چونكە وەك یەك مامەڵە لەگەڵ دۆست و دوژمندا دەكات. كە بریتییە لە ڕێچكەی هەڕەشەكردن و پێشێلكردنی ڕێككەوتنەكان و ناچاركردنی وڵاتانی دیكە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ. كە تا ئێستاش بەڵگەی ئەوە لە ئارادا نییە كە ئەمە سەركەوتوو بووە، خۆ ئەگەر كاریگەریشی هەبووبێت، ئەوا كاریگەرییەكەی لەسەر دۆست و دوژمن هەبووە. كەواتە بە شێوەیەكی گشتی نادڵنیایی باڵی بەسەر دۆخەكەدا كێشاوە.

*** باشە ئەگەر ئەم ڕێچكەیەی سەرۆك**

**هیچ وڵاتێكی ناوچەكە ناتوانێت بە بێ سەركردایەتیی سیاسیی باش بەسەر دەستێوەردانی دەرەكی و نایەكسانی و نادادپەروەریی ناوخۆیی و كێشە ئابوورییە گەورەكاندا زاڵ بێت**

**ئەمریكا بە سەدان ملیۆن دۆلار قازانج دەكات لە مامەڵە ئابوورییەكانی لەگەڵ سعودیەدا، كە ئەمەش پەیوەندیدارە بە شەڕەكەی یەمەن و بەردوامبوونی ئەو شەڕەوە**

**ترەمپ لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی نادروست لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان بنیادنراییێت، ئایا پێتوایە بە شێوەیەکی حەتمی دەبێتە هۆی لاوازکردنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و بنکۆڵکردنی هاوپەیمانێتییەکانی ئەمریکا لە جیهاندا؟**

- لە راستیدا حاڵی حازر ئەمە روودەدات، واتە لە سەروەختی ئیدارەی ترەمپدا پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیمانەکانی لاواز بووە، ئەگەرچی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، وەك یابان، زۆر خراپ نییە. بەڵام ئەوەی بەدی دەکەین، ئەوەیە سەرۆکی ئەمریکا هاوپەیمانێتییەکان لاواز دەکات، هەندێ لە هۆکارەکەش بۆ پەرەسەندنە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە ئەمریکا بە چەشنی رابردوو دەستڕۆیشتوو نییە، راستە ئەمریکا سوپایەکی بەهێزی هەیە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی جیاوازە، چونکە هەمان میسداقیەت و دەستڕۆیشتوویی رابردووی نییە. ئەمە لە سەردەمی ئۆبامادا دەستی پێکرد و لە سەروەختی ئیدارەی ترەمپیشدا بەردەوام بوو، بەڵام ترەمپ چالاکانە هاوپەیمانێتییەکان لاواز دەکات.

*** ئەم سیاسەتە تاکلایەنەی ئەمریکا تا چ رادەیەك کاردانەوەی هاوپەیمان و نەیارەکانی ئەمریکای لێدەکەوێتەوە؟**

- بەداخەوە ئێستا ئێمە لە رۆژگارێکداین کە بەردەوام بەرەو راستڕەوی و پۆپۆلیزم و ناسیۆنالیزم دەڕوات، هەموو ئەو خەسڵەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە دەبنەهۆی بەهێزبوونی تاکلایەنی، کە ئێستا دەبینین لە هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانی ترەمپ لە جیهاندا رەنگ دەدەنەوە. بەڵام لە هەندێ شوێندا، وەك یەکێتیی ئەورووپا، کاردانەوەی لێکەوتووەتەوە، کاردانەوەکەش ئەوەیە کە دەیانەوێت یەکێتییەکەیان بەهێزبکەن لە رووی ئابووری و سیاسییەوە، نەك ئەوەی هەنگاوی تاکلایەنانە بگرنەبەر.

*** ئەگەر باس لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، ئایا پێتوایە پێویستە لە ئێستادا ئەولەوییەتی سەرەکی و بەپەلە بۆچی بێت؟**

- بە رای من دەبێت ئەولەوییەتی سەرەکی بۆ ئەو شەڕانە بێت کە لە ئێستادا لە ئارادان و ئەو شەڕانەی ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەدا رووبدەن. شەڕەکانی ئێستاش، وەك شەڕی یەمەن، کە ئێستا ئەمە بۆتە خراپترین کارەساتی مرۆیی لە جیهاندا، ئەویش کاتێك باس لە ملیۆنێك کەس دەکەین کە مەترسیی ئەوەیان لەسەرە لە برسان بمرن. شەڕەکانی ئایندەش رەنگە شەڕی ئێران و ئیسرائیل بێت، کە پێویستە بە هەر نرخێك بێت رێگە نەدەین ئەمە رووبدات. کە لێرەدا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ناچارکردنی ئابووری- هەروەك ئەوەی ئێوە ورووژاندتان- پەیوەندیدارە بەم شەڕانەی ئێستا و بەو شەڕانەی ئەگەری ئەوە هەیە رووبدەن. ئەوەتا ئەمریکا بە سەدان ملیۆن دۆلار قازانج دەکات لە مامەڵە ئابوورییەکانی لەگەڵ سعودیەدا، کە ئەمەش پەیوەندیدارە بە شەڕەکەی یەمەن و بەردوامبوونی ئەو شەڕەوە و ئێمەش دەزانین شەڕ لە بەرژەوەندیی کارگەکانی چەك و سیاسەتداڕێژەراندایە، لایەنێکی دیکەی ئەوەیە کە ئەمریکا دەیەوێت لە رووی ئابوورییەوە ئێران بخنکێنێت لە رێی سەپاندنی سزا بەسەر نەوتی ئەو وڵاتەدا.

*** ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناوچەیەکی شکستخواردوو دادەنرێت، هۆکاری بنەڕەتیی ئەم شکستخواردووییە چییە؟**

لە راستیدا پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە ئایا هۆکارەکە نەبوونی سەرکردایەتی و حوکمڕانییە لەسەر ئاستی ناوخۆیی، یان دەرئەنجامی دەستێوەردانی دەرەکییە. بەڵام لە ئێستادا ئێمە گەیشتووینەتە دۆخێك کە پێموانیە دوو کێشە هەبێت، بەڵکو تەنیا یەك کێشە هەیە، چونکە ئەگەر تۆ لە حکومەتی سعودیە بڕوانیت، ئەوا وابەستەیە بە ئیدارەی ترەمپەوە، خۆ ئەگەر لە وڵاتانی عێراق و سووریا بڕوانیت، ئەوا وابەستەن بە ئێران و بە رادەیەکیش بە رووسیا و چینەوە. واتە لە ئێستادا جیاوازییەکی ئەوتۆ نەماوە لە نێوان رەهەندی ناوخۆیی و رەهەندی دەرەکیدا. هەرچەندە ئەگەر لە هەندێ دەوڵەتی دیکە بڕوانیت، وەك میسر و تونس، ئەوا مەسەلەکە بەندە بە سەرکردایەتیی سیاسییەوە. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی خاڵێکی هاوبەش، یان هۆکاری هاوبەشی ئەدای خراپی زۆرێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی سەرکردایەتییەکی خراپە. لەم روانگەیەوە دەتوانم بڵێم هیچ وڵاتێکی ناوچەکە ناتوانێت بەسەر دەستێوەردانی دەرەکی و بەسەر نایەکسانی و نادادپەروەریی ناوخۆیی و بەسەر کێشە ئابوورییە گەورەکاندا زاڵ بێت، بە بێ بوونی سەرکردایەتیی سیاسیی باش و دروستبوونی سەرکردایەتیی سیاسیی باشیش کاتێکی زۆری دەوێت.

**پەرەسەندنێکی زۆر مەترسیدارە کە ئیدارەی ترەمپ پاشەکشە بە دەستپێشخەرییە دیپلۆماتییەکانی سەروەختی ئیدارەی ئۆباما دەکات**

**هۆکاری هاوبەشی ئەدای خراپی زۆرێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی سەرکردایەتییەکی خراپە**

تۆماس بریستۆن

تایبەتمەندی کاروبارە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# زۆربەی ئابووریناسان هاوڕا نین لەگەڵ ئەو شەڕە بازرگانییەی ترەمپ بەرپای کردووە

تۆماس بریستۆن پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی واشنتۆن ستەیت، لە ئێستادا بەڕێوەبەری پرۆگرامی ماستەرە لە بواری دادپەروەریی جیهانی و دیراساتی ئەمنی، هەروەها توێژەرە لە ئامۆژگای مۆینیهان بۆ کاروباری جیهانی لە سکوڵی ماکسوێڵ لە زانکۆی سیراکیو. تایبەتمەندە لە بواری سیاسەتی ئەمنی، کاروباری دەرەکی و سایکۆلۆژیای سیاسی. وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، شرۆڤەکاری سیاسییەو چەندین توێژینەوە و کتێبی نووسیوە لەبارەی سەرکردایەتی، ئاسایشی نێودەوڵەتی و شرۆڤەی سیاسەتی دەرەکی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی گرنگی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە پەیوەست بوون بە رەوشی کاروباری نێودەوڵەتی و ململانێی نێوان هێزە گەورەکان و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پرسی کشانەوەی ئەمریکا لە چەندین رێککەوتنی نێودەوڵەتی و چەند پرسێکی دیکە کە بەمجۆرە راوبۆچوونی خۆی خستەڕوو.

## دیمانەی تایبەت



*** ئایا پێتوایە گەورەترین و سەختترین تەحەددییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە چین؟**

- بە تێڕوانینی من خراپترین لایەن، یان بڕیاری پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڕیاری کشانەوە بوو لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، بە تایبەتی کە ئێمە دەزانین ئێران پابەند بوو بە بڕگەکانی ئەم رێککەوتنەوە و ئاشکراشە کە یەکێتیی ئەوروپا هاوڕا نییە لەگەڵ سەپاندنەوەی سزاکان و لایەنەکانی دیکەی رێککەوتنەکە و لێی ناکشێنەوە. کەواتە پێموایە ئەمە بڕیارێکی خراپی ئیدارەی ئەمریکا بوو کە لەم رێککەوتنە کشایەوە، چونکە دەرئەنجامی ئەم بڕیارە لاوازکردنی ریفۆرمخوازەکانە، وەك رۆحانی و لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی کەسانی سەختگیر لە ئێران. کەواتە ئەمە هەنگاوێك بوو کە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە.

*** باشە کە ئەمە بڕیارێك بێت، دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە، هەروەك ئێوە وەسفی دەکەن، ئایا هۆکار و پاڵنەری سەرەکیی پشت ئەم هەنگاوە چی بوو؟**

- لە راستیدا من پێموایە پاڵنەری دەرکردنی بڕیاری کشانەوە لە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا سیاسەتی ناوخۆیی ئەمریکا بوو، چونکە لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیشدا ترەمپ باسی لەوە دەکرد کە ئەمە رێککەوتنێکی خراپە، ئەگەرچی نەیدەتوانی شەرحی رێککەوتنەکەش بکات، واتە ترەمپ پەنای بردەبەر سادەکردنەوەی مەسەلەکان و کێشە ناوخۆییەکانی کردە پاڵنەری دارشتنی سیاسەتی دەرەوە، مەبەستم ئەوەیە کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە پەیوەست نەبوو بە لەبەرچاوگرتنی راستییەکانی سەر ئەرزی واقیع، یان بوونی بەڵگە لەبارەی پێشێلکردنی رێککەوتنەکە لەلایەن ئێرانەوە، بەڵکو تەنیا و تەنیا پەیوەست بوو بە پرسە ناوخۆییەکانەوە.

*** ئایا دەتوانین بڵێین هەر ئەمەش هۆکاری کشانەوەی بوو لە چەندین رێککەوتنی نێودەوڵەتی دیکە، وەك رێککەوتنی پاریسی تایبەت بە ژینگە؟**

**شەڕی بازرگانی لە ساڵانی سییەکان ستراتیژێکی ژیرانە نەبوو، بۆیە سەرکەوتنی تێدا بەدی نەهات**

**ئێستا بەهۆی لەدەستدانی بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵاکانیان لە چین و شوێنەکانی دیکە کێشە بۆ جووتیارانی ئەمریکا دروست بووە**

**سیاسەتەکانی ترەمپ لەسەر راستییەکانی سەر ئەرزی واقیع بنیاد نەنراون، بەڵکو لەسەر بنچینەی جیهانێک داڕێژراون کە لە خەیاڵی خۆیدا دروستی کردووە**

**گەورەترین کێشەی ئێستای جیهان سەرهەڵدانەوەی پۆپۆلیزم و کاندیدە پۆپۆلیستییەکانە، ئیدی لە هەنگاریا بێت، یان بەڕازیل، کە هەموویان هاوشێوەی ترەمپن**

- بەڵێ، هۆکارەکە ئەو بەرنامە پۆپۆلیستییە بوو کە ترەمپ لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا خستییەڕوو کە دروشمی ئەوەی بەرز دەکردەوە کە دەبێت ئەولەوییەتی یەکەم بۆ ئەمریکا بێت و بایەخی نەدا بە هاوکاریکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەوە بوو لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێران کشایەوە، هەروەها لە ڕێککەوتنی پاریس، بە هەمان شێوە لاوازکردنی ناتۆ، هەروەها لە ڕێککەوتنی شەراکەتی هەردوو بەرەی ئەتڵەسی کشایەوە، کە ئەمە ڕێککەوتنێکی ئابووری بوو بۆ ئیحتیواکردنی دەسترۆیشتوویی چین. کەواتە دەتوانین بڵێین ترەمپ پلانێکی جێگیری نییە بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی، مەبەستم ئەوەیە کاتێك لەم ڕێککەوتنانە دەکشێتەوە ئەوا تەنیا دەکشێتەوە بە بێ ئەوەی ڕێککەوتنێکی بەدیل پێکبهێنرێت. هەر ئەمەش هۆکاری بوونی ناجێگیرییە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەگشتی.

*** مەسەلەیەکی دیکە کە جێی سەرنجە و پەیوەستە بە سیاسەتی دەرەوەی ترەمپەوە بریتییە لە بەکارهێنانی فشاری ئابووری وەك ئامرازێك بۆ ئەنجامدانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکەی، تێڕوانینی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

- ئەوەی بەدی دەکەین، ئەوەیە کە زۆربەی ئابووریناسان هاوڕا نین لەگەڵ ئەو شەڕە بازرگانییەی ترەمپ بەرپای کردووە، ئێمە نموونەی مێژوویمان هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سییەکان کە شەڕی بازرگانی، ستراتیژێکی ژیرانە نەبوو و سەرکەوتنی تێدا بەدی نەهات، ئەوەتا ئێستا کێشە بۆ جووتیارانی ئەمریکا دروست بووە، بەهۆی لەدەستدانی بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵاکانیان لە چین و شوێنەکانی دیکە. کەواتە گرتنەبەری ئەم ڕێچکەیە لە رووی ئابوورییشەوە یارمەتیدەر نییە. تێڕوانینی من ئەوەیە کە ترەمپ دەیەوێت وڵاتانی دیکە بترسێنێت، لە کاتێکدا وڵاتانی یابان و یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی دیکە نایانەوێت بترسێندرێن. چونکە ئەمە تەنیا شەڕی بازرگانی نییە لەگەڵ چیندا، بەڵکو لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی دیکەشدایە. لەم روانگەیەوە پێموایە سیاسەتەکانی ترەمپ لەسەر راستییەکانی سەر ئەرزی واقیع بنیاد نەنراون، بەڵکو لەسەر بنچینەی جیهانێك داڕێژراون کە لە خەیاڵی خۆیدا دروستی کردووە. لە دەرئەنجامدا چەندین سیاسەتیان پیادە کردووە کە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە و نەیانتوانی پشتیوانی لە جیهاندا بۆ ئەم سیاسەتانە دەستەبەر بکەن.

*** باشە پێشبینییەکانت چین بۆ ئەو کاردانەوەی لە بەرامبەر ئەم ستراتیژیەت و سیاسەتەدا دروست دەبن؟**

- ئێمە حاڵی حازر کاردانەوەمان بەدی کردووە، وەك دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی کۆنگرێس و پێموایە ئەگەر ترەمپ لەسەر سیاسەتەکانی بەردەوام بێت، پارتی کۆمارییەکان رووبەڕووی چەندین شکستی هەڵبژاردن دەبنەوە. هەروەها ئەو جۆرە سیاسەتە چەندین دەرئەنجامی نەرێنیی ئابوورییان لێدەکەوێتەوە لەسەر جووتیارانی ئەمریکا و ئەمەش رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٠، مەبەستم ئەوەیە ئەم سیاسەتانەی ئەمریکا رەنگدانەوەی لەسەر ناوخۆ دەبێت و کاریگەریی دەبێت لەسەر کۆمارییەکان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. چونکە ئێستا نارەزایبوونێکی زۆر هەیە و ئاستی جەماوەری ترەمپیش داکشاوە.

*** ئەی پێتوایە ئەم هەڵبژاردنانەی کە ئەنجام دران کاریگەرییان دەبێت لە سەر سنووردارکردنی رەوتی تاکلایەنانەی ترەمپ لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا؟**

- نەخێر، کاریگەریی نابێت، لەبەر ئەوەی لە سیستمی حوکمڕانی ئەمریکادا، سەرۆك دەسەڵاتێکی زۆری هەیە بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری دەرەکی، راستە کۆنگرێس دەتوانێت دانیشتن بکات و دەست بە لیکۆڵینەوە بکات، بەڵام ناتوانێت ترەمپ ناچار بکات بۆ ئەوەی بە رەوتێکی جێگیر هەڵسوکەوت بکات. بەڵام ئەگەر سیاسەتەکانی لە ئاست ناوخۆدا سنووردار بکات، واتە ئەگەر ترەمپ هەوڵی کەمکردنەوەی بودجەی تەرخانکراو بۆ چاودێریی تەندروستی بدات، یان هەوڵی کەمکردنەوەی باج لەسەر دەوڵەمەندەکان بدات، ئەوا ئەمە روونادات لە ئێستادا، لەبەر ئەوەی دیموکراتەکان دەتوانن رێگە لە تێپەڕاندنی بگرن لە ئەنجومەنی نوێنەراندا. هەروەها دیموکراتەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانن بانگەشەکانی بوونی گەندەڵی — وەك ئەوەی پەیوەستە بە دارایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە- بورووژێنن، کە تا ئێستا کۆمارییەکان پەردەپۆشیان کردووە.

*** وەك شارەزایەکی سیاسەتی ئەمنی، ئایا پێتوایە سیاسەتەکانی ترەمپ بە شێوەیەکی حەتمی سەردەکێشن بۆ سەرهەڵدانی ململانێی نێوان هێزە مەزنەکانی جیهان؟**



- ئێستا ئێمە سەرهەڵدانەوەی ئەم ململانێیە بەدی دەکەین، ئەوەتا ئەمریکا و چین ململانێی یەکتر دەکەن لەسەر درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوییان، کە پێموایە چین براوەیە تێیدا، ئەوەتا رووسیاش هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆی دەدات، یەکێتیی ئەورووپاش دەیەوێت رۆڵێکی زیاتر ببینێت، چونکە ترەمپ نایەوێت کاریان لەگەڵدا بکات. دواتر من باوەڕم وایە گەورەترین کێشەی ئێستای جیهان سەرهەڵدانەوەی پۆپۆلیزم و کاندیدە پۆپۆلیستییەکانە، ئیدی لە هەنگاریا بێت، یان بەڕازیل، کە هەموویان هاوشێوەی ترەمپن، ئەمەش پەرەسەندنێکی ئەرێنی نییە. چونکە ئەم کەسانە کار لەسەر ترس دەکەن و ئۆباڵی دروستبوونی کێشەکان دەخەنە ئەستۆی کەمینە و کۆچبەران و لایەنە دەرەکییەکان.

*** باشە تا چەند هەڵکشانی پۆپۆلیزم بۆتە هۆی دروستبوونی مەترسی لەسەر دیموکراسی لە جیهاندا؟**

- ئێمە دەزانین دروستبوونی پۆپۆلیزم لە هەندێ شوێنی جیهان بۆتە هۆی پێچەوانەبوونەوەی رەوتی بە دیموکراسیبوون، تۆ بڕوانە پۆڵەندا، کە هەنگاوێکی باشی بڕیبوو لە بەرەوپێشچوونی دیموکراسیدا، بەڵام ئێستا حکومەتێکی توندڕەو و موحافیزکاری هەیە کە ئازادیی رۆژنامەگەری و دەسەڵاتی دادوەری لاواز کردووە. واتە لە بنەڕەتدا ئەم رەوتە پۆپۆلیستیانە نەك پشتیوانی لە دیموکراسی ناکەن، بەڵکو دژ بە دیموکراسین.

*** لەلایەکی دیکەوە باس لەوە دەکرێت کە ئەمریکا خۆی بە دوور گرتووە لە هەندێ ناوچەی گرنگی ستراتیژی و ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی گۆڕەپانەکە بۆ هەندێ هێزی جیهانی چۆڵ بکات کە ئەو بۆشاییەیان پڕکردۆتەوە، بە چەشنی دەستڕۆیشتویی رووسیا لە سووریا، لێکدانەوەی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە راستە، چونکە بێگومان هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پێگەی ئەمریکای لە ئاسیا لاواز کردووە و لەم رووەوە گۆڕەپانەکەی بۆ چین چۆڵ کردووە. بە هەمان شێوە هەڵوێست و بڕیارەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا ئەم دەرئەنجامەی لێکەوتۆتەوە، وەك بڕیاری کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران و پشتیوانیکردنی تاکلایەنانەی ئیسرائیل و گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەل ئەبیبەوە بۆ قودس و کشانەوەی لە هەموو هەوڵەکانی لێکنزیکردنەوەی ئیسرائیل و فەلەستین. کەواتە ئەوەی بەدی دەکەین بریتییە لە دەستهەڵگرتنی ئەمریکا لە بەرپرسیارێتییەکانی بۆ مامەڵەکردنێکی بنیادنەرانە لە زۆرێك لە ناوچەکانی جیهاندا. تاکە کارێکی ئیجابی کە ئەنجامی دابێت، هاوکاریکردنێتی لە تێکشکاندنی داعشدا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەر کاتێك داعش ریشەکێش کرا، ئەوا ئەمریکا دەکشێتەوە، بەڵام کاتێك تۆ دۆخێکی پڕ لە پشێوی جێ دەهێڵێت، ئەوا جارێکی دیکە دادەڕووخێت.

**هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ پێگەی ئەمریکای لە ئاسیا لاواز کردووە و لەم رووەوە گۆڕەپانەکەی بۆ چین چۆڵ کردووە**

**دەستهەڵگرتنی ئەمریکا لە بەرپرسیارێتییەکانی بۆ مامەڵەکردنێکی بنیادنەرانە لە زۆرێک لە ناوچەکانی جیهاندا بەردەوامەو تاکە کارێکی ئیجابی کە ئەنجامی دابێت، هاوکاریکردنی بۆ تێکشکاندنی داعش بووە**



د. ئەحمەد سەفار
پەرلەمانتاری عێراق بۆ گوڵان:

# چۆن دەبێت د.عادل عەبدولمەهدی و کابینە تازەکەی بودجەی حکومەتێکی بێ بەرنامە جێبەجێ بکەن؟

# بودجەی ٢٠١٩ی عێراق بۆ سزادانی خەڵکی کوردستان و عێراق داڕێژدراوە

**بودجەی ٢٠١٩ی عێراق جگە لەوەی گوزارشت لە بەرنامەو پڕۆگرامی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ناکات، هەمان ئەو بودجەیەی حەیدەر عەبادییە کە بۆ دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستان و قووڵکردنەوەی قەیرانی دارایی هەرێم داڕێژدرابوو. کە پێشێلکاریی دەستووریی دەرهەق بە کوردستان تێدایە و هێنانی بۆ پەرلەمان نارەزایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی لێکەوتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر دواپێشهاتەکانی ئەم پرسە و هەڵسەنگاندنی پڕۆژە یاسای بودجەکە؛ ئەم دیدارەمان لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد سەفار پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان سازدا.**

*** وەکو پەلەمانتارێکی عێراق و پسپۆڕ و شارەزایەکی ئابووری هەڵسەنگاندنت لەسەر پڕۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٩ی عێراق چییە؟ ئایا ئەو بودجەیەی کە لەلایەن حکومەتی کاربەڕێکەری حەیدەر عەبادی دانراوە بۆ قۆناغی ئەمڕۆی عێراق دەگونجێت؟**

- بودجەی ٢٠١٩ی عێراق کە لەلایەن حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق ئامادەکراوە، کۆپییەکی خراپی بودجەی ٢٠١٨یە، کە ئەو کاتە دۆخێکی نائاسایی هەبوو بەهۆی ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، ئەو کاتە عەبادی ویستی بودجە وەك چەکێك بەکار بهێنێت بۆ قووڵکردنەوەی قەیرانی دارایی کوردستان و سزادانی خەڵکی کوردستان. ئەمڕۆ قۆناغەکە گۆڕاوە، داعش نەماوە و پەیوەندییەکانی کوردستان و عێراق ئاسایی بۆتەوە و ئێمە چووینەتە بەغدا کاری خۆمان دەکەین و بەشداری لە حکومەت دەکەین. هەروەها ئێستا کێشەکانی عێراق گۆڕاون و تەحەددییەکانی پێشووی بەردەم عێراق جیاوازن و پەیوەست نین بە لایەنی ئەمنییەوە، بەڵکو پەیوەندیدارن بە کەمیی خزمەتگوزاری و نەبوونی هەلی کار و لاوازبوونی کەرتی ئابووری. کەواتە ئەو بودجەیەی کە دادەنرێت دەبێت گوزارشت بێت لەم واقیعە، چونکە دەبێت بودجە گوزارشت بێت لە بەرنامە و ڕەوتی کارکردنی حکومەت کە عادل عەبدولمەهدی بەرنامەی حکومەتەکەی کە لە ١٢٠ لاپەڕە پێکهاتووە و پێشکەشی پەرلەمانی کردو ئێمەش دەنگمان لەسەر دا، کە بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ٢٠١٨وە بۆ ٢٠٢٢ کە دەبێت هەر ساڵێك پلانی ئەدا دابنرێت و دەبێت بودجەی هەر ساڵێکیش بە چەشنێك بێت بەشێکی ئەو

**ئێستا کێشەکانی عێراق گۆڕاون و تەحەددییەکانی پێشووی بەردەم عێراق پەیوەست نین بە لایەنی ئەمنییەوە، بەڵکو پەیوەندییان بە کەمیی خزمەتگوزاری و نەبوونی هەلی کار و لاوازبوونی کەرتی ئابوورییەوە هەیە**

**هەر کاتێک داواکاریی ئێمەی پەرلەمانتاران لەبەرچاو گیرا، ئەوا پرۆژەکە لە ناو هۆڵی پەرلەمان قۆناغە یاساییەکانی خۆی دەبڕێت و ئەو کات پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٩ی عێراق دەبێتە یاسا و پەسەندی دەکەین**

**لە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٩ی عێراقدا بەهیچ شێوەیەک باسی پێشمەرگە و شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و خانەوادەی ئەنفالکراوانی نەکردووە، بەشێوەیەکی گشتی بودجەکە نەک تەنیا ڕەچاوی مافە دارایی و ئابوورییەکانی کوردی نەکردووە، بەڵکو ڕەچاوی مافەکانی هەموو میللەتی عێراقیشی نەکردووە**

بەرنامەیە جێبەجێ بکات. باشە چۆن دەبێت بودجەی حکومەتێکی دیکەی بێ بەرنامە بهێنێت و بیەوێت جێبەجێی بکات؟ لەبەر ئەوە تێگەیشتنێك لە نێوان پەرلەمانتارەکانی ئێمە و عەرەبەکانیش دروست بوو کە دەبێت ئەو بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت بۆ ئەوەی بودجەیەك دابڕێژرێت کە دەربڕی بەرنامەکەی خۆی بێت. ئەوە بوو کاتێك بودجەکە نێردرایە پەرلەمان سەرجەم پەرلەمانتارانی عەرەب و بەتایبەتی پەرلەمانتارانی کورد هەوڵماندا ئەو پرۆژە یاسایەی بودجەکە گفتوگۆی لەسەر نەکەین و بیگەڕێنینەوە بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت پرۆژەیەکی نوێ بۆ بودجە ئامادە بکات کە گوزارشت لە بەرنامەو پرۆگرامی خۆی بکات، بەڵام حکومەت ڕاوبۆچوونێکی وابوو لەبەر کەمی کات ناکرێت بودجەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ حکومەت.

*** باشە ئەگەر لەناو پەرلەماندا کۆدەنگیی لەسەر خراپیی بودجەکە هەبوو، بۆچی پرۆژە یاساکە بۆ حکومەت نەگەڕێندرایەوە، تاوەکو حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی خۆی چارەسەری کەموکورتییەکان و تێبینییەکان بکات؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا حکومەت ڕاوبۆچوونی وابوو لەبەر کەمیی کات ناکرێت بودجەکە بۆ حکومەت بگەڕێندرێتەوە، تەنانەت کاتێك جەنابی وەزیری دارایی عێراق لەگەڵ شاندێکی وەزارەت لەبەردەم پەرلەماندا ئامادەبوون کە سەرۆکی بانکی ناوەندیشی لەگەڵدا بوو، گفتوگۆ کرا لەسەر دامەزراندنی هەردوو لیژنەی پەرلەمانی و حکومەت، هەربۆیە پەرلەمان و حکومەت لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دوو لیژنەی تایبەتمەند لە پەرلەمان و حکومەت دابمەزرێنن و گفتوگۆ لەسەر داخوازی و تێبینییەکانمان بکەن و بۆ چارەسەرکردنی ئەو بڕگەو بابەتانەی کە ناکۆکی لەسەرە دەست بە دانوستاندنەکانیان بکەن، هەر کاتێکیش داواکاریی ئێمەی پەرلەمانتاران لەبەرچاو گیرا، ئەوا پرۆژەکە لە ناو هۆڵی پەرلەمان قۆناغە یاساییەکانی خۆی دەبڕێت و ئەو کات پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٩ی عێراق دەبێتە یاسا و پەسەندی دەکەین، بەپێچەوانەوە ئەگەر تێبینی و داواکارییەکانی ئێمەی پەرلەمانتاران ڕەچاو نەکرا، ئەوا مومکین نییە ئێمەی پەرلەمانتاران ڕەزامەندی لەسەر دەرکردنی پرۆژە یاسایەك بدەین کە سزای خەڵکی کوردستان و عێراق دەدات.

*** ئاماژەت بە خراپیی پرۆژە یاسای بودجەکە کرد؛ بەتایبەتی کە بۆ دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستان و بچووککردنەوەی قەبارەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دانراوە؛ ئایا جگە لە کەمکردنەوەی پشکی کورد لە بودجەکەدا خاڵە نەرێنییەکانی دیکەی ئەم بودجەیە بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟**

- لە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٩ی عێراقدا خاڵی سلبی و کەموکورتی زۆری بەگشتی بۆ عێراق و بەتایبەتی بەرامبەر هەرێمی کوردستانی تێدایە، وەك زیادکردنی خەرجییە سەروەرییەکان. هەروەها ئەوەی بۆ ئێمەی کورد جێگای هەڵوەستەیە کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستانە لە بودجەکە لە ١٧٪ەوە بۆ لە ١٢,٦٧٪. هەروەها لە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٩ی عێراقدا بەهیچ شێوەیەك باسی پێشمەرگە و شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و خانەوادەی ئەنفالکراوانی نەکردووە، بەشێوەیەکی گشتی بودجەکە نەك تەنیا ڕەچاوی مافە دارایی و ئابوورییەکانی کوردی نەکردووە، بەڵکو ڕەچاوی مافەکانی هەموو میللەتی عێراقیشی نەکردووە، لەکاتێکدا لە عێراقیشدا کێشەکانی خزمەتگوزاریی و ئابووری وەکو عەرەب دەڵێت کێشەی زەق و ترسناکن.

*** پێشتر لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ گوڤارەکەمان ئاماژەت بەوە کرد، ئەگەر بودجەکە بۆ پەرلەمان بەرزیش بکرێتەوە، ئەوا سەرەتا بۆ لیژنەی دارایی پەرلەمان دەنێردرێت، ئایا نوێنەرانی کورد بەتایبەتی لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو ئەو لیژنەیەدا دەتوانن ڕۆڵی خۆیان لە چارەسەرکردنی کەموکورتییەکاندا بگێڕن؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە دانانی سەرۆکایەتیی لیژنەکانی ناو پەرلەمان واتا (سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر)ی لیژنەکانی ناو پەرلەمان، پەیوەندی بەو پۆستە وەزارییانەوە هەیە کە پارتە سیاسییەکان وەکو ئیستحقاقاتی

هەڵبژاردن پێیان راسپێردراوە، واتا نابێت فراکسیۆنێك وەزارەتێکی دیاریکراوی لەناو حکومەت پێ راسپێردرابێت، لە پەرلەمانیش سەرۆکایەتی لیژنەی پەیوەنداری پێ راسپێردرێت، بەو پێیە پارتی لە حکومەتی عێراقدا پۆستی وەزیری دارایی وەرگرتووە هەر بۆیە لە پەرلەمان سەرۆکایەتیی لیژنەی دارایی پێ نادرێت، بەڵام خۆشبەختانە ئەم لیژنەیەی لە پەرلەمان بۆ بودجە دادەنرێت جیاواز دەبێت و کۆمەڵێك پەرلەمانتاری تایبەتمەند لەخۆدەگرێت. لێرەدا پێویستە ئەرکی پەرلەمان لە پرسی بودجەدا بزانین کە لە دەسەڵاتی پەرلەماندا نییە پشکی هەرێمی کوردستان زیاد و کەم بکات، بودجە بە خولی خۆیدا تێپەڕ دەبێت کە ٤ قۆناغی (ئامادەکردن و داڕشتن، پەسەندکردنی وەك یاسا، جێبەجێکردن، چاودێری و بەدواداچوون)ە، کە لە دواقۆناغدا واتا لە حیساباتی ختامی لە کۆتایی ساڵدا لێکۆڵینەوە لەسەر رێژەی جێبەجێکردنی بودجەکە دەکرێت، پەرلەمان تەنیا دەسەڵاتی گواستنەوە و جێگۆڕکێی بڕە پارە تەرخانکراوەکانی هەیە لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی دیکە، هەرچۆنێك بێت تێبینی و بۆچوونەکانی خۆمان دەگەیەنینە حکومەت تاوەکو لەبەرچاو بگیرێت.

*** لە دوادانیشتنی پەرلەماندا جگە لە پرسی بودجە چەند بابەتێکی دیکەی تایبەت بە بانکی ناوەندی و سیاسەتی فرۆشتنی دۆلار و یەدەگی دراوی بیانی و پرسی بازگە گومرکییەکانی نێوان پارێزگاکانی هەرێم و عێراق تاوتوێ کرا، ئایا دواگفتوگۆکانی ئەو پرسانە لەپەرلەماندا بە گوێ گەیشتن؟**

-گرفتی دانانی بازگە گومرکییەکانی حکومەتی بەغدا لەسەر رێگاکانی نێوان پارێزگاکانی موسڵ و دهۆك و هەولێر و کەرکووك و سلێمانی، یەکێکە لەو کێشانەی لەنێوان هەرێم و ناوەندا سەریان هەڵداوە، ئەگەرچی لە پەرلەمان بڕیاری هەڵگرتنی ئەو بازگە گومرکییانەی نێوان هەرێم و ناوچەکانی عێراق دراوە، بەڵام حکومەتی عێراق چەند مەرجێکی بۆ هەڵگرتنی ئەم بازگە گومرکییانە داناوە، لەوانە یەکخستنی رسوماتە گومرگییەکانی دەروازە سنوورییەکانی کوردستان لەگەڵ تەواوی رسوماتەکانی دەروازە سنوورییەکانی ناوچەکانی دیکەی عێراق. لەلایەکی ترەوە هەر لەو دانیشتنەی پەرلەماندا کە بانگهێشتی عەلی موحسین ئەلعەلاقی پارێزگاریی بانکی ناوەندی (بە وەکالەت) کرابوو، بەڕێزیان لەگەڵ ژمارەیەك راوێژکار و بەرپرسی بانکەکە ئامادە بوون بۆ روونکردنەوەی سیاسەتی نەختینەیی و دانانی ناوی خۆی لەسەر چاپی نوێی دراوی عێراق. کە جگە لەوەی ناوبراو بەوەکالەت پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراقە، بەپێی عورف و رێوشوێنە پەیڕەوکراوەکانیش لەعێراقدا نەدەبوو ناوی خۆی لەسەر چاپی نوێی دیناری عێراقی دابنایە، لەو دانیشتنەدا جگە لەم پرسە چەندین پرسیاری دیکەی لێکرا، کە ئەمڕۆ لە شەقامی عێراقیدا مشتومڕێکی زۆری لەسەرەو باس لە گەندەڵییەکی گەورە دەکرێت لە پرۆسەی فرۆشتنی دۆلاری ئەمریکی، تەنانەت ئەو میکانیزمەی بۆ ئەم فرۆشتنە پەیڕەو دەکرێت، روون و ئاشکرا نییە و گومانی ئەوە هەیە پارەیەکی زۆری عێراق بەفیڕۆ درابێت، ئەمەو گەلێك پرسیاری دیکە لە پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق بەوەکالەت کرا، بۆ نموونە لەسەر بانکە ئەهلییەکان کە لەژێر چاودێریکردندان. هەروەها پرسیارەکان پەیوەست بوون بە یەدەگی دراوی بانکی ناوەندی چەندەو چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەروەها لە بودجەکەدا نرخی بەرمیلێك نەوت بە ٥٦ دۆلار خەمڵێندراوە، لەکاتێکدا لەبازاڕە جیهانییەکاندا لەنێوان ٧٥ بۆ ٨٠ دۆلارە، کە ئێمەی پەرلەمانتاران پێمان باشە ئەو ٥٦ دۆلارە کەمتریش بکرێتەوە. کە زیادەکەشی دەخرێتە سندوقێکەوەو وەکو بودجەیەکی بچووکی تەواوکاری مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و رەنگە لەکاتی داشکانی نرخی نەوتدا بەکاربهێنرێتەوە، بەڵام زۆر گرنگە ئەو زیادەیە بۆ وەزارەتەکان نەگەڕێندرێتەوە و وەکو یەدەگ یان بودجەیەکی تەواوکاری هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت، لەم روانگەیەوە لەم خولەی پەرلەماندا پرس و کێشە ئابووری و داراییەکان لە ریزبەندی پێشەوەی ئەو پرسانە دەبێت کە ئەرکی سەرشانی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدیی قورس دەکات و پێویستی بە چارەسەرکردنی خێرا دەبێت.

**بەو پێیە پارتی لە حکومەتی عێراقدا پۆستی وەزیری دارایی وەرگرتووە هەر بۆیە لە پەرلەمان سەرۆکایەتیی لیژنەی دارایی پێ نادرێت، بەڵام خۆشبەختانە ئەم لیژنەیەی لە پەرلەمان بۆ بودجە دادەنرێت جیاواز دەبێت و کۆمەڵێک پەرلەمانتاری تایبەتمەند لەخۆدەگرێت**

**باس لە گەندەڵییەکی گەورە دەکرێت لە پرۆسەی فرۆشتنی دۆلاری ئەمریکی، تەنانەت ئەو میکانیزمەی بۆ ئەم فرۆشتنە پەیڕەو دەکرێت، روون و ئاشکرا نییە و گومانی ئەوە هەیە پارەیەکی زۆری عێراق بەفیڕۆ درابێت**

**ئەگەرچی لە پەرلەمان بڕیاری هەڵگرتنی ئەو بازگە گومرکییانەی نێوان هەرێم و ناوچەکانی عێراق دراوە، بەڵام حکومەتی عێراق چەند مەرجێکی بۆ هەڵگرتنی ئەم بازگە گومرکییانە داناوە، لەوانە یەکخستنی رسوماتە گومرگییەکانی دەروازە سنوورییەکانی کوردستان لەگەڵ تەواوی رسوماتەکانی دەروازە سنوورییەکانی ناوچەکانی دیکەی عێراق**